
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

70 — 25 ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری 2023

## دیوێکی دیکەی رووداوەکانی فەلەستین



موحسین کەریم

دۆخی سیاسی و ئەمنی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای پێکدادانی نێوان بزوتنەوەی حەماس و دەوڵەتی ئیسرائیل، پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە. پشتیوانی بێدرێغی ئەمریکاو دەوڵەتانی رۆژاوا لە ئیسرائیل و تاوانەکانی بەرامبەر بە خەڵکی فەلەستین و غەززە، بەناوی شەرعیەتی بەرگریکردن لەخۆ لەلایەک و پشتیوانی رژێمی ئیسلامی ئێران و ڕەوتە ئیسلامیەکان لە بزوتنەوەی حەماس و ئەو تاوانەی دژی خەڵکی مەدەنی ئەنجامی دا بەناوی شەرعیەتی بەرەنگاربونەوەی داگیرکاری ئیسرائیل و تاوانەکانی دژی خەڵکی فەلەستین، دۆخەکەی بەرەو ئاکامێکی ترسناک پاڵ پێوەناوە. ئەمریکا بەناوی ئەوەی کە ئێران لەو کارەی حەماس و تێوەگلاوەو هانی گروپە ئیسلامیەکانی سەربەخۆی وەکو حزبوڵلاو گروپە ئیسلامیە شێعەکانی عێراق، دەدات بۆ پەلاماردانی ئیسرائیل و لێدان لە بنکەو بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل و بەوەش دۆخەکە بەرەو بارگرژی زیاتر دەبەن، هەڕەشە لەئێران دەکات و هەروەها بۆ پشتیوانی لە ئیسرائیل هێزی دەریایی ڕەوانەی دەریای ناوەڕاست دەکات و هێزی سەربازی بۆ ناوچەکە دەنێرێ و فەزای میلیتاریزم و جەنگ پەرە پێدەدات. هاوکات بانگەشەی وڵاتانی دیکەی رۆژاوا ئەورووپایی بۆ ڕەوایدان بە هێرشەکان و

بۆ لاپەڕە ٢

## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

لەگەڵ **خەسرەو سایە** سەرۆکی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە شەڕ و پێکدادانی نێوان ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس و هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر خەڵکی غەزە!



بۆ لاپەڕە ٣

## وەستانەوە لەبەرامبەر درندەیی دەوڵەتی ئیسرائیلدا



**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٦

## نا بۆ پشتیوانی لە تاوانەکانی ئیسرائیل!

### لە وەڵام بە وتەکانی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا



**دەشتی جەمال**

بۆ لاپەڕە ١١


- گفتوگۆی لەگەڵ مامۆستا **کامەران لەتیف** سەبارەت بە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی مامۆستایاندژ بە نەدانی مووچەکانیان! لاپەڕە ١٢
- شۆڕشی ئۆکتۆبەر و مەسەلەی جەنگ!

لەیادی ١٠٦ ساڵەی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەردا ... **مستەفا باهیر**...لاپەڕە ١٤

- نابێت هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا قەبوڵ بکرێن!

**عوسمانی حاجی مارف**... لاپەڕە ١٥

- کاتێک هێزی سێهەم بەدژی ئینسانکوشتن دێتە مەیدانەوە!

**نوری بەشیر** ... لاپەڕە ١٦

چەند بەیاننامەی حزبەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەبارەت بە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر هاوڵاتیانی مەدەنی لە غەززە!

لە لاپەڕەکانی (٨،٩ و ١٠) بخوێننەوە!


**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# دریژەی............دیویکی دیکەی روداوەکانی فەلەستین!

کۆمەڵکوژیەکانی خەڵکی غەززە و بێبایەخکردنی ژیان و گیانی هاولاتیانی فەلەستینی، فەزایەکی میدیایی و فکری لەدژی خەڵکی فەلەستین بەرێخستوە. ئێران و رەوتە ئیسلامیەکانی لایەنگری ئێران و حەماس خۆیان وەکو بەرگریکاری مافی رەوای خەلکی فەلەستین و بەرەی بەرەنگاری و پارێزگاری و نوێنەری وەستانەوە بەرامبەر بە ستەم لەسەر خەڵکی فەلەستین نمایش دەکەن. ئەم دۆخە بەشێوەیەک فەزایەکی ئالودەی بە درۆو چەواشەکاری و وونکردنی راستیەکان پێکهێناوە، کە حەقیقەتی تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و تیرۆریزمی حەماسی لێڵ و نارِوون کردوە. لەناو ئەم فەزا ئالودەو تەمومژاویەدا، مافی رەوای خەڵکی فەلەستین بۆ پارێزراوبوون لە کوشتار و ستەم و سەرکوتی دەوڵەتی ئیسرائیل و ئاوارەبوون و چارەسەری کێشەی دەیان ساڵەیان، تووشی تەمومژو لێڵی دەبێت و دۆخی ناوچەکەش بەرەو تاریکی و لێڵی زیاتر و بارگژی و پێکدادانی بەرژەوەندیەکانی ئەم هێزو دەوڵەتە رکابەرانەی یەکتر دەچێ لەسەر حسابی ئەمنیەت و ژیان و سەلامەتی و گیانی هاولاتیانی فەلەستینی و ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست.

بەڵام حەقیقەتی کێشەی فەلەستین و تاوانەکانی ئیسرائیل دژ بە خەڵکی مەدەنی غەززەو کۆمەڵکوژیەکانی دژی منالّ و ژن و لاوو پیر، بێمفایەکانی خەڵکی فەلەستین و سەپاندنی ئاوارەیی دەیان ساڵە بەسەریاندا و بێبەشکردنیان لە گەرانەوەیان بۆسەر مالّو حالّی خۆیان و سیاسەتی ئاپارتایدی ئیسرائیلی دژی خەڵکی فەلەستین، نەک هەر ناتوانرێ بەبیانوی تیرۆریزمی ئیسلامی و حەماس جیهادەوە خەفەو پەردەپۆش بکرێ، بەڵکو لەم روداوەی دوایشدا، خەڵکی ئازادیخوازی دنیا و بگرە لەناوخۆی ئیسرائیلیشدا، سەرباری ئەو تاوانەی حەماس دژی هاولاتیانی مەدەنی ئیسرائیلی ئەنجامی دا، بەروونی دژایەتی خۆیان بۆ بەربەریەتی ئیسرائیل راگەیاند و بەدەنگی بەرز رۆژنالیزمی نۆکەرو جیرەخۆر دەوڵەتانی رۆژاوایی و سیاسەتمەدارانی بۆرژوازی رۆژواو ئەمریکایان خەجاڵەت کردو پشتیوانی لە دۆزی رەوای فەلەستین کردو سەرکۆنەی تاوانەکانی ئیسرائیلیان دژی خەڵکی غەزە کردو خوزیاری راگرتنی هێرشە درندانەکانی ئیسرائیل بۆسەر غەزە و چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین بوون.

گومان لەوەدا نیە کە هەردوو بەرەی بۆرژوازی لە پرسی فەلەستین و روداوە کارەساتبارەکانی غەزەدا دەیانەوێ ئاراستەی روداوەکان هەرچی زیاتر بەزیانی خەڵکی ناوچەکەو بە هێشتنەوەی رقو کینەی نەتەوەی و دینی و دژایەتی نێوان خەڵکی ناوچەکەو درێژەدان بە ستەم و چەوساندنەوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ناوچەکە بەرن، بەڵام خەڵکی ئازادیخوازو ئینساندۆستی ناوچەکەو دنیا رێگایەکی دیکەیان نیشان دا، ئەویش وەستانەوە بەرامبەر بەرامبەر بەو ئاراستەیەو بانگەشەی ئینساندۆستی و ئاشتی و ئازادیان کردو رایان گەیاند کە ئەوان بەخۆپیشاندانی سەدان هەزار کەسییان دەتوانن ئایندەیەکی دیکە بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست و کێشەی فەلەستین و ئاشتی لەناوچەکەدا بنەخشێنن.

★

ئۆکتۆبەر

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

**Muhsin_km@yahoo.com**

**ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:**

**October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر**

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

رێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی: **جەمال موحسین**

0047(0)47276028

Email:krtariati.ms@gmail.com

# گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە شەڕ و پێکدادانی نێوان ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس و هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر خەڵکی غەزە!

**ئۆکتۆبەر: هاورێ خەسرەو دەمەوێ سەرەتا لەوەوە دەست پێبکەم کە لە بەیاننامەی حزبدا ئەو دۆخەی کە لە دوای٧ی ئۆکتۆبەرەوە لەنێوان ئیسرائیل و حەماسدا هاتۆتەئاراوە، بە شەڕ ناوزەدکراوەو و بەجۆرێک بزوتنەوەی حەماس وەکو لایەنێکی شەڕەکە دەناسێنێ، بەڵام لە بەیاننامەی هاوبەشی حزبدا لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا و هەروەها بەیاننامەی سێ حیزبدا ( حزبی کوردستان و عێراق و حزبی حیکمەتیست/خەتی ڕەسمی)دا لێکدانەوەیەکی دیکە لە روداوەکە دەکرێ. ئایا هیچ گۆڕانکاریەک لە هەڵوێستی حزبدا رویداوە لە پەیوەند بەو ململانێ و پێکدادانە تازەیەی لەنێوان ئیسرائیل و حەماسدا؟**

خسرەو سایە: نەخێر.. هیچ گۆرانکاریەک لەهەڵوێستی حیزبدا ڕوینەداوە، بەڵکو ئەوەی ڕویداوە، بەرابەرکێی هێزەکان و ئەودۆخەیە کەجەنگەکە پێدا تێپەڕدەبێ. بەتایبەتی کە هەرجەنگێک لەچوارچێوەی قابیلیەتی هێزە دەرگیرەکان و دۆخێکی جیهانی و ناوچەیی وئەو لێکەوتانەی کەبەدوایدا، دێت، گۆڕانکاری بەسەردادێ وناکرێ بەشیوەیەکی ڕاوەستاو سەرنجی بۆ بدرێت. ئەگەر دیقەت بکەین، بەیاننامەی یەکەمی حیزب کەبەدوای پەلاماری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دەرکراوە، زیاتر هەڵوێست لەماهیەتی شەڕەکەو هەردولا وەردەگرێ و دەیەوێت پێمان بڵێت کە ئەم جەنگە لەهیچ سەرێکەوە "جەنگێکی عادیلانە" نیە وهەردولای جەنگەکە، هیچ پەیوەندێکیان بە چارەسەری کێشەی فەلەستین و هاوڵاتیانی ژێردەستیانەوە نیەو هەرلایە بۆ بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆیان لەپەیوەند بە دۆخێکەوە کەتێی کەوتون، کەوتونەتە بەرامبەر بەیەکەوە. بەڵام بەیاننامەی هاوبەشی هەر دوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عیراق، کەرێک بەدوای بۆردومانەکانی ئیسرائیل و ڕاکیشانی هێزی سەربازی و سەپاندنی کۆچ پێکردنی زۆرەملێ و ئەو گەمارۆیەی کە خستیە سەر خەڵکی غەزە و پاشان دەستبردن بۆ کۆمەڵکوژیەکەی نەخۆشخانەی مەعمەدانیە، بڵاوکراوەتەوە، ڕوی لەئیدانەکردنی کردەوەکانی ئیسرائیل و ڕاوەستانی هەر دوو حیزبە لەپاڵ خەڵکی غەززەدا. بەیاننامەی هاوبەشی سێ حیزبیش لەدۆخێکدا بڵاوکرایەوە کەبەکردەوە هێزە جیهانی و ناوچەییەکان لەژێرناوی پشتیوانی کردندا بونە لایەنەکانی بەشدار لەجەنگی ئیسرائیلدا. لەسەرێکەوە ئەمریکاو فەڕەنساو بەریتانیاو ئەڵمانیا و ئیتالیا، نەک هەر پشتیوانی خۆیان بۆ ئیسرائیل ڕاگەیاند، بگرە کەوتنە ڕاکێشانی هێزی میلیتارستیان بەرەو ناوچەکە و هەڕەشەکردن لەنەیارانیان. ئەمە جگە لەوەی کە لەڕوی مادی و سەربازی و ڕاگەیاندن و دیبلۆماسیەوە، بەتەواوی لەپشتی حکومەتەکەی ناتانیاهۆ ڕاوەستاون وئاگری جەنگەکەیان گەرم کردوە. لەسەرێکی تریشەوە حیزبوڵای لوبنان وئێران و ولاتانێکی عەرەبی وهێزگەڵیکی ئیسلامی پێدەنێنە ناو مەیدانی جەنگەکەوە.. بەیانی سێ حێزب لەگەڵ ئەوەدا باس لەم گۆرانکاریە تازەیە دەکات، چاوی بڕیوەتە بەرەی ئازادیخواز و موتەمەدنی جیهان بۆ ڕاوەستانەوە بەڕوی ئەم دۆخەو هاوکات ئەو داواکاریانە دەهێنێتە پێشەوە کەبەدیهاتنیان زەمینە بۆ چارەسەرێکی سیاسی و ڕیشەیی کێشەی فەلەستین دەڕەخسێنێ، کەخۆی لەدامەزراندنی دوو دەوڵەت بۆ ئیسرائیل و فەلەستیندا دەبینێتەوە. ئەوەش بڵێم کە هەرسێ بەیاننامەکە جگەلەوەی کە هاوبەشێتییان لەڕووی لێکدانەوەو دەرخستنی ناوەڕۆکی چینایەتی هێزەکان و ئامانجەکانیان لەم شەڕەدا بەڕۆشنی بەیان دەکات، هاوکات لەروانگەی بەرژەوەندیەکانی خەباتی کرێکارانی ناوچەکەو خەڵکی مەحرومی فەلەستینەوە، لەدۆخەکە دەڕوانێ.

**ئۆکتۆبەر: گومان لەوەدا نیە کە هۆکاری سەرەکی چارەسەرنەکردنی کێشەی فەلەستین و بەردەوامیدان بە سەرکوت و بێمافکردنی خەڵکی فەلەستین، دەوڵەتی رەگەزپەرستی ئیسرائیلە، بەڵام بزوتنەوەی حەماسیش هێزێکی کۆنەپەرست و دژی مرۆییەو سەری بەستراوەتەوە بە ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان و دەوڵەتانی وەکو رژێمی ئیسلامی ئێران و ئەوەی پێیدەوترێ " بەرەی مقاوەمە" کە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە سیاسەتەکانی ئێرانەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەو لێکدانەوەیەی ئێوەشدا لە بەیانی یەکەمدا جۆرێک ئاماژەی بەو مەسەلەیە تێدایە. ئێوە چۆن ئەو مەسەلەیە لێک دەدەنەوە؟ تا چ ڕادەیەک حەماس نوێنەرایەتی بەرەنگاری خەڵکی فەلەستین دەکات بەرامبەر بە داگیرکاری و تاوانەکانی ئیسرائیل و ئایا جێگای پشتیوانی ئێوەو بزوتنەوە سۆشیالیستی و کۆمۆنسیتیەکان و خەڵکی ئازادیخوازە؟**

⇦

خسرەو سایە؛ ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی فاشیستی وتاوانکار، مێژوویەکی ٧٠ ساڵەی لەکاولکاری وداگیرکاری و زیندان و کوشتن وئاوارەکردنی خەڵکی فەلەستیدا هەیەو ئەمکارەش بەپشتیوانی ئەمریکاو دەوڵەتانی غەرب و ولاتانێکی عەرەبی پەیرەوی لێکردووەو دەیکات، لەبەرامبەر ئاوەها دەوڵەتێک و تاوانەکانیدا، خەڵکی فەلەستین ڕێگایەکی تریان لەبەردەمدا نەماوەتەوە جگەلەوەی بەرگری لەخۆیان بکەن. بەرگریەک کە لەسەردەمی دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، لەژێر کارکرد و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی عەرەبیدا، بەشکستدا کێشراو نەتوانرا ڕێکاچارەیەکی سیاسی بۆ کێشەی فەلەستین بدۆزێتەوە، لەسەردەمی دونیای دوقوتبی شەرق وغەربدا وبەتایبەتی کە بزوتنەوەی مقاوەمەت رابەریەکەی کەوتە دەست ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین و یاسر عەرەفاتەوە، دوای ساڵانێکی زۆر لەکوشتوبڕی دەوڵەتی ئیسرائیل لەهێزهاوسەنگی نیوان هەردوبلۆکی شەرق وغەربدا، بەڕیکەوتنی ئۆسلۆ گەیشت. بەڕوخانی بلۆکی شەرق وهەڵکشانی ئەمریکا بەرەو نەزمی نوێی جیهانی هەم ڕێکەوتنی ئوسلۆ کەبەئاشتی ڕۆژهەلات ناوزەد کرابوو چووە دواوە و هەم ڕێکخراوی ئازادی فەلەستین ئەو ڕۆڵەی نەما کەبزوتنەوەی مقاوەمەتی خەڵکی فەلەستین بەرەوئامانجەکانی بباتەپێشەوە. بەتایبەتی دوای بەدەسەلات گەیشتنی ڕیکخراوی فەتح سیستەمێک دامەزرا وردەوردە لەگەندەڵیدا چەقی وکەوتەکەنارەوە. ئەم دۆخە کەهاوکات بوو لەگەڵ سیاسەتی جەنگی و میلیتاریزەمەکردنی جیهان لەلایەن ئەمریکاوە تا جیهانی یەک قوتبی جێبخات، فرسەتی کردەوە بۆ هەڵکشانی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی.. حەماس لەوەها هەلومەرجێکدا کەوتە ئیدعای رابەری بزوتنەوەی مقاوەمەتەوە و پێبەبێ جێگای گرت.

بەدڵنیایەوە حەماس لەسەر زوڵم و ستەمێک کەدەڵەتی ئیسرائیل بەسەر فەلەستینیەکاندا سەپاندویەتی، سەوزبووەو بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی بەرگری دەکاو نایەوێت کێشەی فەلەستینیەکان بەرێگایەکی سیاسی لەقازانجی خەڵک چارەسەربببێت. خودی ئەوەی کەدان بەئیسرائیلدا وەک دەوڵەتێک نانێ و دروشمی "سڕینەوەی ئیسرائیل و یەهودیەکانی هەڵبڕیوە، بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەوەی کەحەماس بەخۆ سوارکردن بەسەر ستەمێکدا کە لەفەلەستینیەکان دەچیت، مقاوەمەتێکی کۆنەپەرستانە ودژە یەهودی بەرێخستوە. ڕەوتێکی ئاواش بەهیچ جۆرێک نەخۆی و نەکردەوەیەک کەلەژێرناوی "مقاوەمەتی خەڵکی فەلەستیندا" ئەنجامی دەدات، جێگای پشتیوانی نەئێمەو نەهەرئینسانێکی ئازادیخوازە. بگرە دەبێ لەو شوێنەی تاوان دەکاو خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل دەکاتە ئامانج، دەبێ مەحکوم و ڕیسوابکرێ. بەلام بەجیا لەوەی کەئێمە هەڵویستمان لەحەماس وەک ڕەوتێکی کۆنەپەرست ودژی ئینسانی، چییە، نابێ ئەو ڕاستیەش لەبەرچاو نەگرین کەحەماس مافی ئەوەی هەیە لەبەرامبەر ئیسرائیلدا "مقاوەمەت" سازبدا، هەرچەندە لەڕوانگەی ئێمەوە مقاوەمەتێکی کۆنەپەرستانە بێت، بەتایبەتی کاتێک چاو لەو هەمو ئەو زوڵم وستەم و ئینسانکوژیە بکەین کەدەوڵەتی ئیسرائیل لەفەلەستینیەکانی کردووە دەیکات. چونکە کۆمەڵگای فەلەستین کۆمەڵگایەکی چینایەتیەو بزوتنەوەو هێزی جیاواز وبۆ بەرژەوەندی چینایەتی جیاواز لەبزوتنەوەی مقاوەمەتدا بەشداری دەکات. ئەگەر کرێکاران وئازادیخوازان وسۆشیالیستەکان ڕوی پێشکەوتنخوازانەی "بزوتنەوەی مقاوەمەت"بن ئەوا حەماس ڕووە کۆنەپەرستانەکەیەتی، کە لەغیاب ولاوازی بزوتنەوەی رادیکاڵ و ئازادیخوازانەی چەپ و سۆسیالسیتەکان وئاسۆی زاڵ بەسەر کۆمەلگادا، توانیویەتی خۆی بەسەر ئەو بزوتنەوەیەدا زاڵ بکات کەپێی دەوترێت"موقاوەمەت".

**ئۆکتۆبەر: بەڕای ئێوە تا چ ڕادەیەک دەکرێ ئەوەی لەنێوان ئیسرائیل وحەماسدا ڕویدا لەچوارچێوەی کێشەی تەقلیدی ئیسرائیل وفەلەستین و پرسی مقاوەمەدا تەماشا بکرێ؟ یاخود دەکرێ لەچوارچێوەی دۆخی تازەی جیهاندا و بەتایبەت دوای شەڕی ئۆکرانیا، لەناو ململانێی قوتبە ئیمپریالستیەکان و جەمسەرەکاندا خوێندنەوەی بۆ بکرێ؟ بەتایبەتی وەکو ئاگادارن ئەمریکا کەشتی جەنگی ڕەوانەی دەریای ناوەڕاست کردوە و ئێران و حزبوڵا هەڕەشە دەکەن و بەجۆرێک ڕوسیاش ڕەنگە بەرژەوەندی لە کرانەوەی بەرەیەکی دیکەی سەرقاڵکردنی ئەمریکا و ڕۆژاوادابێت بۆ لاوازکردنی دەوری ڕۆژاوا لەسەر ئۆکرانیا؟**

خسرەو سایە: سەرەتا مەسەلەی فەلەستین وستەمێک کەلەئارادایە، نە لە وجود وسەرهەڵدانی حەماس و مقاوەمەتەکەیەوە دەست پێدەکات و نە لەو هێرشەوە سەری هەڵداوە کەبەم دواییە حەماس کردی، بەڵکە سەرچاوە لەسەرهەڵدانی ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی قەومی وئاینی وفاشتی دەگرێت، کەمێژوویەکە بە ئاگروئاسن و کوشتوکوشتار وکاولکاری کەوتۆتە گیانی فەلەستینیەکانەوە. دڕندەیی و تاوانەکانی ئەم دەوڵەتە، برینێکی قوڵی لەجەستەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەڵکەندوە، کەبەبێ چارەسەرکردنی، ئاشتی وئارامی کردۆتە مەحاڵ. بەلام ئەم کێشەیە تەنانەت بەمانا کلاسیکیەکەی وەک لەپرسیارەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، هیچ کات نەماوەتەوەو دەخاڵەتی دەوڵەتان و بزوتنەوەو هێزە ناوچەییەکان، تادەگات بە ئەمریکاو ئەوروپای هێناوەتەکایەوە. تەنانەت بەوهۆیەوە کەفەلەستین بەشێکە لەجیهانی عەرەبی، کێشەکەی گۆڕدرا بەکێشەی

"عەرەب و ئیسرائیل". بەمجۆرەش هەریەک لەدەوڵەتانی عەرەبی و ناوچەکە و هەر یەک لەهێزە بۆرژوازیەکان وەک کارتێک بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان ئەم کێشەیەیان بەدەستەوە گرتوە. ئیران و تورکیا بۆ فراوانکردنەوەی نفوزی سیاسی وسەربازی و ئابوری خۆیان، لەم کێشەیەدا دەخاڵەت دەکەن. ولاتانی عەرەبی هەریەکەیان بەجۆرێک بۆ بەدەستهێنان وسازان لەگەڵ یەکتر و وەرگرتنی ئیمتیازات لە ئەمریکاو ئەوروپا بەکاری دەهێنن، ئەمریکاو دەولەتانی ئەوروپایش بەهەمان شیوە دەیئاڵێنن بە کێشمەکێشی جیهانیەوە، تا نەیارەکانی خۆیان هەم لەئاست ناوچەکەداو هەم لەجیهاندا بەکاری بهێنن. بەمجۆرەش ناکرێ کێشەیەکی ئاوا لەبارودۆخە جیهانی وناوچەییەکان داببڕێنرێت. لەجەنگی ئێستادا کە پای ئەمریکاو ئەوروپا وئیران و تورکیا وولاتانی عەرەبی ورەوتەکانی ئیسلامی سیاسی هاتۆتە ناوەوە، بەدڵنیاییەوە کێشەی فەلەستین سنوری کلاسیکی خۆی تێپەردەکا و دەبێتە کێشەیەکی جیهانی، بەتایبەتی کە دونیا لەدۆخی ململانێی وکێشمەکێشی چەند قوتبی ئیمپریالیستیدا، بۆ دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوزو بازاڕی جیهانی بەسەرخۆیاندا، قەراری گرتوە وهیچ کێشەیەک هەرچەندە مێژوویەکی کۆنتری هەبێت، وەک خۆی نامێنێتەوەو لەدەرەوەی ئەم دۆخە جیهانیەدا نییە.

تائەو جیگەیەی بەرۆڵی رووسیاو ئیران و حیزبولا وجەنگ لەئۆکرانیا دەگەڕیتەوە، بەپیویست، هەرکامێکیان شوێنکەوتەی بەرژەوەندیەکانی خۆیانن و دەیانەوێت، لەبەرامبەر نەیارانی خۆیاندا سودی لێوەربگرن. لەپێشیانەوە روسیا بۆ راکێشانی ئەمریکاو ناتۆ بۆ نێو زەلکاویکی تر وکردنەوەی بەرەیەکی تری جەنگ لەهەوڵدایە. ئیران بۆ فراوانکردنەوەی نفوزی خۆیی وتێکدانی ئەو ریکەوتنەی کەبەشێک لەولاتانی عەرەبی بەنێوەندگیری ئەمریکا لەگەڵ ئیسرائیلدا لەسەروبەندی ساغکردنەوەیدا بوون، دەخاڵەت دەکات تا لانی کەم لەسیستمی ئەمنیەتی رۆژاهەلاتی ناوەراستدا پێگەیەک بگرێ. حیزبولاش بەگشتی بۆ خۆسەپاندنی بەسەر دۆخی لوبنان وئەو قەیرانە حکومەتیەی کەهەیە، چاوی لەم جەنگەی ئیسرائیل بڕیوە. هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخات کەلایەنی کلاسیکی کێشەی فەلەستین لەجەرگەی دۆخێکی جیهانیدا قەراری گرتوە وهەربۆیەش دەڵێین بۆتە کێشەیەکی جیهانی. ئەمەش بەو مانایەی کە بزوتنەوەیەکی جیهانی دەتوانێ رێگا چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە.

**ئۆکتۆبەر: سەرەنجام بەرای ئێوە پرسیارە تەقلیدیەکە دوبارە دەکەینەوە. کێشەی فەلەستین لەم دۆخە تازەیەی جیهاندا چۆن چارەسەر دەبێت؟ گەرانەوە بۆپرۆسەی ئاشتی ئۆسلۆ کە لەساڵی ۱۹۹۳ەوە تائێستا بەهیچ جێگایەک نەگەیشتوە؟ یان تەرحێکی دیکە دەتوانێ ئەو پرسە یەکلایی بکاتەوە؟ دەوری چینی کرێکاری ئیسرائیلی و فەلەستینی و ناوچەکە چۆن دەبێ لەم نێوەدا؟**

خسرەو سایە: ئەگەر ئەوە قەبوڵ بکەین کە لەدۆخی ئێستادا کێشەی فەلەستین جیهانی بۆتەوە، ئەوا لەدەرەوەی پەلامارەکانی حەماس وئیسرائیل دەبێ چاو لە بەرەی ئازادیخوازو موتەمەدنی جیهان بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین ببرین، کەبێگومان رۆڵی کرێکاران و خەلکی ئازادیخوازی فەلەستین وئیسرائیل لەپێشەوەی ئەم بەرەیەدایە کەدەتوانێ لاپەرەیەکی تر هەڵبداتەوە و لەپشتەوە هەم دەستی حەماس ببەستێ و هەم سنورێک بۆ تاوانەکانی دەولەتی ئیسرائیل دابنێ. بەلام ئەگەر ئاشتی وئارامی ناوچەکە بەچارەسەری کێشەی فەلەستین لەپێکهێنانی دوو دەولەتی خاوەن مافی یەکساندا سەیر بکەین، کەئەمەش بەرێگایەکی سیاسی دەچیتەپێشەوە، تەنها لەوحالەتەدا مومکینە کە یەکەم، دەوڵەتی ئیسرائیل وەک حکومەتێکی قەومی وئاینی لەسەرکار نەمێنێ. دوەمیش ئێستا کەئیسرائیل گەمارۆی غەزەی داوەو ناوچەکەی بەرەو کارەساتێکی ئینسانی راکێشاوە، هاوکات ئەمریکاو دەولەتانی ئەوروپایی و ئیران و رەوتە ئیسلامیەکان خەریکی راکێشانی هێزن ودەبن بەبەشێک لەجەنگەکە، دەبێ کۆمەڵێک هەنگاوی فەوری کەزەمینە خۆشکەرن بۆ هێنانەکایەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی فەلەستین. ئێمە لەبەیاننامەی هاوبەشی هەرسێ حیزبادا، دروست ئەم هەنگاوانەمان لەکۆمەلێک داخوازیدا بەرجەستە کردۆتەوەو ئەگەر لەدەوریان بەرەی جیهانی وخەڵکی موتەمەدین وئازادیخواز بەدەستیەوە بیگرێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە رێگا دەکاتەوە بۆ چارەسەری ریشەیی ئەو کێشەیەی کەسالانێکە جەنگ و کوشتارو کاولکاری وکۆچپێکردنی بەزۆری فەلەستینیەکانی بەرهەمهێناوەو هێزیکی کۆنەپەرستی وەک حەماسی لەمەیداندا راگرتوە.

☆

**حکومەتی ڕاسترەوی ئیسرائیلی کە چەندین دەورەیە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە لە ئیسرائیل، تاوانباری سەرەکیە لەو تاوان و کارەساتانەی کە لە ئیسرائیل و فەلەستین روودەدەن. حکومەتی ڕاسترەوی ئیسرائیل بەرژەوەندی لەوەدایە کە لەوبەری کێشەکەدا هێزێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی ڕاوەستاوەو پاکانەی تاوانەکانی خۆی پێدەکات. تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیل و تیرۆریزمی حەماس و جیهادی ئیسلامی خزمەت بەیەکتر دەکەن!**

# وەستانەوە لەبەرامبەر دڕندەیی دەوڵەتی ئیسرائیلدا

## عوسمانی حاجی مارف

هێرشەکان و توندوتیژی بۆردومانی بێبەزییانەی دژی دانیشتوانی غەززە لەلایەن ئیسرائیلەوە، بەتایبەتی بۆردومانی بیمارستانی مەعمەدانی لە غەززە، نیگەرانی جیهانی وروژاندوە. لەم ئاراستەیەشەوە سەرەتای شەڕێکی گەورەی بەرفراوانی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکردووە. بەتایبەتی ئەم نیگەرانیە زیاتر فەلەستینیەکانی گەمارۆدراو لە غەززە دەگرێتەوە. بەڵام ئەوەی مەترسیدارترە پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە پەرەسەندنی ئەم هێرش و ململانێیە شەڕێکی ناوچەیی مەترسیدارو گەورەتری وێرانکەر بێنێتە ئاراوە. لەکاتێکدا هیچ کام لە لایەنە سەرەکیەکانی ئەم ململانێیە، جگە لە حەماس، لەگەڵ شەڕێکی لەم شێوەیەدا نین و سوودێکی نیە بۆیان، بەڵام ململانێی لایەنەکان و ڕوداوەکان، بەجۆرێک ئەگەری مەترسی ئەو شەڕە فراوانەیان فڕێداوەتە مەیدانی ناوچەکەوە، کە سیناریۆی ئایندەیەکی ئاڵۆزو ترسناک و پڕکارەساتی کۆمەڵکوژی چاوەڕوانکراو بەرجەستە دەکاتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەم ئاراستەیە لە ناواخنی بەرژەوەندی سیاسەتی فاشستیانەی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە دژی چارەنوسی فەلەستینیەکان هەڵدەقوڵێت، بە پاڵپشتی بێمەرجی دەوڵەتی ئەمریکاو حکومەتەکانی ڕۆژئاواو دەزگاکانی پروپاگەندەیان کە ڕێخۆشکەرو هاندەری ئەم بەربەریەتەن.

لەڕاستیدا لەگەڵ تەواوی ئەو تاوانانەی ڕۆژانە لە غەززەدا دەبینرێن، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بەرنامەدارێژراوی پێشوەخت نییە کە ئیسرائیل یان بنیامین ناتانیاهو بیانەوێت مەودای شەڕەکە فراوانتر بکەن، ئەم حاڵەتەی ئێستاش لەو توندوتیژیەی بەرامبەر فەلەستینیەکان ئەنجامی ئەدەن، بۆئەوەیە لەم ڕێگە نائینسانیەوە گورزێکی گەورە لە حەماس بدەن، تا بەم کردارە قێزەونە ئیعتباری هاوسەنگی هێز بۆ ئیسرائیل و دەسەڵاتی ناتانیاهو بگەڕێنێتەوە.

ئیسرائیل نزیکەی ٣٦٠ هەزار سەربازی یەدەگی خۆی بانگهێشت کرد، کە گەورەترین بانگهێشتکردنە لە مێژووی خۆیدا، ئەمەش ئامادەکاریەکە بەمەبەستی هێرشی زەمینی بۆ سەر غەززە. ئەم هێرشە گەر ئەنجام بدرێت، ڕێڕەوی شەڕەکە دەگۆڕێت بەرەو ئاراستەیەکی فراوانترو دەبێتە زەمینەسازی بۆ کاردانەوەو دەخالەتی لایەنەکانی تر لەم شەڕەدا، بەڵام گەر دەوڵەتی ئیسرائیل بتوانێ لەڕێگەی بۆردومانەکانیەوە ئامانجەکەی بپێکێت، خۆی لە ریسکی ئەو هێرشکردنە زەمینیە دەپارێزێت. ئەمەش گێژاوێکە ڕووبەڕووی حکومەتی نەتانیاهو بووەتەوە، کە ئاخۆ لەکوێدا ئەتوانێت ئامانجەکەی بپێکێت، کەی گونجاو دەبێت کۆتایی شەڕەکە ڕاگەیەنێت، چونکە بێتوانایی لە هێرشکردنی زەمینی و مامەڵەکردن لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕەدا، بەهەر هاوپشتیەک لەلایەن ئەمریکاو ڕۆژئاواوە دەکرێت، زەحمەتە لە چاوەڕوانی شەڕێکی فراوان و سەرتاسەریدا خۆی ڕاگرێت و بەسەلامەتی لێی بێتە دەرەوەو زامنی سەرکەوتن بکات.

ناتانیاهو لە بەرامبەر قەیرانێکی گەورە ڕووبەڕو دەبێتەوە، ئەگەر لە دوو بەرەدا شەڕی هێرشی زەمینی بکات. لەلایەک لە غەزەو لەلایەکی تر لە بەرامبەر حزبوڵلادا. جگە لەوەی گەر ئاراستەی شەڕەکە بەو جۆرە پەلبهاوێت بۆ چەند بەرەیەک، ئەوکات لایەنی تر کێشدەکات بۆ ناو مەیدانی شەڕەکە، وەک ئێران و سوریاو عێراق و هێزە میلیشیاکان. ئەوکات لەم شەڕەدا جگە لە وێرانکاری و قوربانیەکی بێشومارتر، دۆڕاو یا براوە نادیار دەبێت، بەڵام زیاتربونی کوشتار و کارەساتەکان مسۆگەر دەبن..!

هەر لەبەر ئەم هۆکارانەش حزبولڵاو و ئێران جگە لە دروشمی هەڕەشە بەرامبەر ئیسرائیل، لەباری عەمەلیەوە دیار نیە کە بیانەوێت خۆیان بخەنە ناو ململانێ و شەڕەکەوە. هەرچەندە ئاماژەیەک هەیە کە پێیانوایە حەماس بۆ هێرشەکەی هەماهەنگی لەگەڵ ئێران و حزبولڵادا کردبێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ڕۆشن نیە کە ئەم ڕێکەوتنە بسەلمێنێت. ئەوەشی کەڕویداوە ئەوە نیشان ئەدات تەنها حەماس بۆخۆی نەخشەی هێرشکردنە سەر ئیسرائیلی دارشتوە. دوای هێرشەکانی حەماس هیچ هێرشێکی هەمەلایەنە لە باکورەوە ڕووی نەداوە، هیچ بەڵگەیەکیش نیە کە ئامادەیی بۆ کرابێت، ئەوش بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی نالەباری ئابووری و سیاسیە لە لوبناندا بواری ئەو فرسەتەی نەداوە، چونکە لە ئێستادا شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل دەتوانێت ببێتە هۆی دارمانی زیاتری لوبنان.

پێموایە بەهەمانشێوە ئێرانیش سوود لە شەڕێکی فراوانی سەرتاسەری وەرناگرێت. ئێران ململانێیەکی سنووورداری لەگەڵ ئیسرائیل پێ باشترە نەک شەڕێکی ئاشکرا. بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران تازە یەکێک لە گەورەترین هەڕەشەکانی بەردەم دەسەڵاتەکەی خستوتە کەنارەوە. دوای تێپەڕبوونی ساڵرۆژی کوژرانی مەهسا ئەمینی تاڕادەیەک هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵمژیوە. جگە لەوەش ئابوری ئێران لە قەیراندایەو ئێستا سەرنجی سەرەکی کۆماری ئیسلامی لەسەر

ڕێککەوتنە لەگەڵ واشنتۆن بۆ کەمکردنەوەی پەرەسەندن و ئازادکردنی پارەی ئێران و سووککردنی سزاکانی سەر فرۆشتنی نەوتی ئێران. ئێران لەم هێرشەی حەماس سەری سوڕماوەو لەم بارەیەوە هەماهەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی حەماسدا نەبووە، بەڵام ناتوانێ پشتیوانی لە حەماس فەرامۆش کات. لەهەمانکاتدا ئێران ئاماژەی بەوەداوە ئەگەر ئیسرائیل بەردەوام بێت لە بۆردومانی غەززە، ناچار دەبێت دەخالەت بکات. ئەمەش واقعیەتێکی نەخوازراوو نەگونجاوە کە لە بەردەوامی شەڕەکەدا ئێران ناچار دەبێت بەجۆرێک لەم شەڕەوە بئاڵێنێت.

سیاسەتی ئیدارەی بایدنیش، پاش زنجیرە شکستەکانی ئەمریکا لە نەخشەو سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ڕوودانی ئەم هێرشەی حەماسدا کەوتوتە بەر گێژاوێک کە زەحمەتە بۆی ڕاگرتنی هاوسەنگی بکات لە نێوان شەڕی ئۆکرانیا، قەیرانی لەگەڵ چین لەسەر تایوان، کێشەو کودەتا لە ئاڵوگۆڕی چەند حکومەتێک لە ئەفریقادا، هەروەها هەڵگیرسانی شەڕێکی سەرتاسەری لە ناوچەکەدا بە قازانجی ئەمریکا نابێت، چونکە ئاستی کێشمەکێشی بەرامبەر ڕوسیاو چین و هەر وڵاتێکی تری زلهێزی دنیا زیاتر دادەبەزێنێت.

بەگشتی وڵاتانی عەرەبیش لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوچەیدا بە شکستێکی گەورە دێنە دەرەوە، لە میسرەوە تا سوریا و سعودیە، هیچ دەستکەوتێکیان لە شەڕێکی هەمەلایەنەی ناوچەیدا نییە. میسر ترسی هەیە لە لێشاوی غەززەیەکان بە ژمارەیەکی زۆرەوە بۆ ناو سینا. دوای دە ساڵ لە قەیران و دابەزینی ئابووریەکەی لە بەرجەستەبونەوەی ئەم شەڕەدا فرێ بدرێتە بەر دەرگای کۆتاییەوە، لە سوریاش ئەسەد سەرقاڵی ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانیەتی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و گەڕانەوە بۆ ناو جامیعەی عەرەبی، لەپێناو گەڕاندنەوەی شەرعیەتی سیاسی ئەسەدو دەرچونیان لە قەیرانی ئابوری.

شازادەی جێنشینی سعودیە، کە لە ڕێگەی هەوڵی ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا بوو، لە ئەنجامی بۆردومانی غەززەدا دەرگیر بە ناکۆکیەک بوە، ناچارکرا ڕێڕەوی خۆی بگۆڕێت، چونکە ئەگەری شەڕێکی سەرتاسەری، تەحەدایەکی گەورەیە بۆ سەر سعودیە و شازادەکەی کەبیەوێت خۆی وەک سەرکردەیەکی بێرکابەری جیهانی عەرەبی جێگیر بکات.

بەگشتی ئەوەی ڕەچاو دەکرێت هەموو لایەنەکان ئەم شەڕەیان ناوێت و لە بەرژەوەندی هەموو لایەنەکاندایە کە ڕێگری لە شەڕی سەرتاسەری پەسەند بکەن. لەبری شەڕ، پێویستیان بەئاساییبونەوەو ئارامی ناوچەکەیە بۆ سەرمایەگوزاری، بەڵام بە شێوەیەک لایەنەکان بە مامەڵەی دۆخەکەوە سەرقاڵن، لە ئاکامی ئەو گێژاوەی دەرگیری بون، بەبێ ویستی خۆیان پێشبینی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕەکە زیاتر دەکرێت.

ئەگەر لەشکرکێشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بەردەوام بێت و سەرکەوتو بێت لە نەهێشتنی حەماس لە غەززەدا، حزبوڵڵا ناچار دەبێت دەخالەت بکات، ئەم کارەش بۆ ڕزگارکردنی حەماس ناکات، بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی خۆیەتی. لەم حاڵەتەشدا حزبوڵڵا ڕاستەوخۆ ئێران دەخاتە ناو گێژاوی ململانێکەوە.، لەهەمانکاتدا سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئێران بۆ دژایەتی فراوانکردنی شەڕەکە، بەڵام وەزیری دەرەوەی ئێران هۆشداریی دایە ئیسرائیل لەوەی ئەگەر بۆردومانەکانی بۆ سەر غەززە ڕانەگرێت، ڕووبەڕووی "بومەلەرزەیەکی توندوتیژ" دەبێتەوە.

لە ئەگەری تێوەگلانی ئێران و حزبوڵڵا لە شەڕەکەدا، ئیدارەی بایدن لەژێر فشارێکی گەورەدا خۆی دەبینێت بۆ دەخالەتی لە ڕووی سەربازیەوە، سەرەڕای خواستی ئەمریکا بۆئەوەی ئەم شەڕە نەکات، تێوەگلانی ئێران و حزبوڵڵا دەتوانێت ببێتە هۆی تێوەگلانی واشنتۆنیش لە شەڕێکی بەرفراوانی ناوچەیدا.

ئاشکرایە کە هەر دەخالەتێکی سەربازیی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لە غەززەدا، یان دژ بە حزبولڵاو ئێران ئەنجام بدرێت، ئاکامەکەی پەرچەکرداری هێرشی گەورە دەبێت بۆ سەر هێز و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لەلایەن گروپە چەکدارەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، کە پێشتر میلیشیاکان لە عێراق و لە یەمەن هۆشداریان داوە لە فراوانبونەوەی شەڕەکەدا، لە بەرامبەر هەر دەخالەتێکی ئەمریکادا کاردانەوەیان دەبێت، لەهەمانکاتدا ڕوسیاو هاوپەیمانەکانی بێدەنگ نابن.

سەرەڕای زانیاری و ئاگاداری واشنتۆن لەو مەترسیە گەورەیەی کە ئەگەری ئەوەی هەیە کردەوەکانی ئیسرائیل لە غەززە بیانخاتە ناو شەڕێکی هەمەلایەنەی ناوچەییەوە، کە نە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو نە ئیسرائیل دەکات. بۆیە هۆشداریدانی ئەمریکا تەنها بە حزبولڵا و ئێرانە کە خۆڕاگری و ئارامی پێشنیار دەکات بۆیان، بەبێئەوەی هەمان داواش لە ئیسرائیل بکات، بە ئەگەرێکی زۆرەوە کردارەکانی ئێستای ئیسرائیل دەبێتە هۆی ئەو سیناریۆ کارەساتبارەی کە خودی ئەمریکاش لێی دەترسێت.

ئەم هەڵویستەی بایدن کە تەنها ئامۆژگاری نادروست بەئیسرائیل دەدات، بەجیا لەوەی دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی هەزاران ئەمریکی لە جەنگێکی تری بێمانا و نا پێویست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەهەمانکاتدا بایدن شکستێکی گەورەی تر لە ناوچەکەدا بۆ ئەمریکا تۆمار دەکات لەسەر حسابی قوربانیدان بە سەدان هەزار لەخەڵکی بێتاوان.

بەگشتی دەتوانین ئەوە بڵێین ئەو کردارە نابەرپرسانەی حەماس بە جۆرێک دۆخەکەی شڵەقاندووە، کێشەکان و

ململانێی لە ئاستی جیهان و ناوچەکەدا خستوتە بەردەم هەلومەرجێکی پێچیدەی وەهاوە، کە لایەنەکان لەگەڵ ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا ناتوانن نەخشەیەکی ڕۆشن و گونجاو بۆ مامەڵەی دۆخەکە بەدەستەوە بدەن.

جێبەجێکردنی ئەو نەخشە نائینسانی و سەرسوڕهێنەرەی حەماس لە بەرامبەر ئیسرائیلدا نیشانیدا، بەجیا لەوەی دۆخەکەی بە جۆرێک شڵەقاندو ناوچەکەی لەبەردەم مەترسی و کارەساتی گەورەدا بەرەوڕوو کردۆتەوە. بەڵام لە هەمانکاتدا کێشەی فەلەستین کە ماوەیەکی زۆرە خەوێندراوەو بێدەنگی لێکراوە، خستەوە بەردەمی ڕای گشتی لە جیهاندا. ئەمەش ئەو ئاکامە ئەدات بەدەستەوە، کە هەر جۆرە مامەڵە و بەرخوردێک، لە بەرامبەر دۆخی ناوچەکەدا بە هەڵگیرسانی شەڕی بەرفروان بگات، یان لە کۆتایی شەڕدا، یاخود بەرگرتن بەم شەڕە، پێویستە بەجدی کێشەی فەلەستین لەسەر مێزی تەواوی لایەنەکان دابنرێت و یەکلایی بکرێتەوە، چونکە هەر بەرنامەیەک بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخەکە پێش شەر یا دوای شەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە بێ یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیە، ئەگەری دوبارە بونەوەی نمونەی کردارەکانی حەماس و هێرشی دڕندانەی ئیسرائیل و بەردەوامی لە نائارامی و ناجێگیری سیاسی لە ناوچەکەدا بەردەوامی دەبێت.

ئەوەش پێویستە لەم هەلومەرجەدا ئاماژەی پێبدەین و خاڵی لەسەر دابنێین، هێرشە وێرانکاری و دڕندانەکانی ئیسرائیلە لە بەرامبەر خەڵکی بێتاوانی فەلەستینیدا، بۆتە جێگای بەرێخستنی نارەزایەتی جەماوەرێکی بەرفراوان لە جیهاندا، کە خواستی ڕاگرتنی شەڕو سەرکۆنە کردنی کردارەکانی ئیسرائیل، ناوەڕۆکی جوڵەو دروشمەکانیانە. ئەم نارەزایەتیەش لە بەرەیەکی ئینسانی و ئازادیخوازی بەرفراوانە، کە بەمانای بەرگری لە ژیان و گوزەران و دابینکردنی ئارامی و ئاسایش بۆ خەڵکی فەلەستین و ئیسرائیل نیشان ئەدات، نە لایەنگری حەماسەو نە لایەنگری دەوڵەتی ئیسرائیلە.

ئەوەی پێویستە لە ڕێکخستنی ئەم بەرەیەدا بەرجەستە بێتەوە، بەجیا لەوەستانەوەیان بەرامبەر شەڕی بەربەریانەو تاوانەکان و داگیرکاریەکانی ئیسرائیل، پێویستە پێداگری و فشارهێنان بێت بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین و دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین، بەهێزبونی ئەم بەرەیە لەگەشەسەندنی خۆیدا ئاراستەی دابینکردنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خەڵکە لەدەسەڵاتی سیاسیدا، ئەمەش کە ڕێگایەکە بۆ ڕزگاری بەشەریەت لەم نەهامەتی و کارەساتانەی کە گەورەترین نائاسایشیان بۆ ئینسانەکان بەرهەم هێناوە.

## بەیاننامەی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق:

# با هێزە ئازادیخواز و مرۆڤدۆستەکان یەکبگرن بۆ ڕاگرتنی تاوانەکانی ئیسرائیل لە دژی دانیشتووانی غەززە

شەوی ڕابردوو، ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، سوپای ئیسرائیل نەخۆشخانەی مەعمەدانی لە کەرتی غەززە بۆردومان کرد و زیاتر لە ٨٠٠ کەسی کوژراو و بریندراری لێکەوتەوە، بە بەرچاوی زەقی جیهانەوە بەرامبەر ئامێری دڕندانەی دەوڵەت و بەرپرسانی ئیسرائیل کە زیاد لە ١٠ ڕۆژە تاوانە بەردەوامەکانیان درێژە پێ ئەدەن بە پاساوی کردەوەکانی حەماس. ئەم هێرشە تیرۆریستییەی ئەم دواییە چەند بارە جەختی لە ڕووی ڕاستەقینەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئیسرائیل ئەکاتەوە.

ئەوەی ئیسرائیل لە نەخۆشخانەی مەعمەدانی ئەنجامی داوە لەژێر چاودێری و پارێزگاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا وەک فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و بەریتانیا، بەشێکە لە سیاسەتی جینۆسایدکردنی خەڵکی فەلەستین و سوودوەرگرتن لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی حەماس، لە پێناو شاردنەوەی ئەو ستەمە نەتەوەییە ئاشکرایەی کە لە دژی خەڵکی فەلەستین ئەنجام ئەدرێت.

دەوڵەتی ئیسرائیل هەوڵەدات بە پشتیوانی میدیا بەکرێگیراوەکانی سەر بەو وڵاتانە، چیرۆکێکی هەڵخەڵەتێنەر و چەواشەکارانە بخاتەڕوو کە گوایە ڕووبەڕووی ستەم و لەناوبردن ئەبنەوە، لە کاتێکدا سیاسەتی دەستبەسەراگرتنی خاکی فەلەستینییەکان بەرێوەئەبات و ئۆردوگاکانی لەسەر دروست ئەکات و هەر کەسێکیش لەبەرامبەر ئەم کارەدا دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕی دووچاری گرتن و زیندانی ئەبێتەوە. هەروەها خانوی ئەو کەسانەی تۆمەتباریان ئەکات بە تیرۆریزم بەسەر خێزانەکانیاندا ئەڕوخێنێت و خوێنسارادانە منداڵان و ژنان و بەساڵاچووان ئەکوژێت. ئەمڕۆش لەپێناو ئامانجەکانیدا سیاسەتێکی بەرنامەبۆداڕێژراو بۆ کوشتار و وێرانکاری لە دژی خەڵکی غەزە پیادەئەکات و ئەوەشی بە زیندووی بمێنێتەوە ڕایئەگوێزێت و بەزۆر دەریئەکات.

بەرگرتن بە ملهوڕی ئەم دەوڵەتە

که تا ئەنیشکی به خوێنی فەڵەستینییە بێتاوانەکان سووره، تەنها له ڕێگەی بەرزکردنەوەی دەنگێک بۆ سەرکۆنەکردن و ڕەتکردنەوەی تاوانەکانی ئیسرائیلەوە ئەبێت. هەروەها تەنها مرۆڤایەتی شارستانی و هێزە ئازادیخوازیەکانی جیهان ئەتوانێ ماشێنی دڕندانەی دەوڵەتی ئیسرائیل بوەستێنێ و ئەمەش به ڕێکخستنی خۆپیشاندانی بەرفراوان لەبەردەم باڵیۆزخانەکانیدا له سەرانسەری جیهان و لەبەردەم باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا و ئەو وڵاتانەی که پشتگیری له سیاسەتی ئیسرائیل ئەکەن. هەروەها به کارکردن بۆ ئاشکراکردنی چیرۆکه درۆیینەکەی ئیسرائیل و ڕیسواکردنی دووڕوویی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سەبارەت به گریانیان بۆ مافەکانی مرۆڤ.

ئێمە لەکاتێکدا به توندی سەرکۆنەی ئەم کردەوە نامرۆڤانانە ئەکەین که لەلایەن ئیسرائیلەوە ئەنجامدراون و حکومەتی ئیسرائیل به پشتیوانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا به بەرپرسیار دەزانین لەو تاوانانە، ڕایئەگەیەنین که ئەم شەڕە خوێناوی و کۆنەپەرستانەیەی که ئیسرائیل ڕایگەیاندوە، ئەبێت دەستبەجێ بوەستێت و گەمارۆی ستەمکارانە له سەر خەڵکی کەرتی غەزە لاببرێ. ڕێگەچارەی ئاسایش و بەرقەراربوونی ئارامی و بەرگرتن به شەڕێکی خوێناوی دیکە له ناوچەکەدا کە ئاکامی سیاسەتی ئیسرائیل بێ، بریتیە له دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ فەڵەستین که هاوشانی دەوڵەتی ئیسرائیل بتوانێ بژی و بمێنێتەوە.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

١٨/١٠/٢٠٢٣

# بەیاننامەی هاوبەشی سێ حیزب:تاوانەکانی ئیسرائیل، کۆمەڵگای جیهانی و چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین

بۆردومانە بەربڵاوەکانی ئیسرائیل له دژیخەڵکی فەلەستین له کەرتی غەززە و بڕینی ئاو، کارەبا، خۆراک و سووتەمەنی و وێرانکردنی غەززە بەسەر دانیشتوانەکەیدا، بەدوای بۆردومانکردنی نەخۆشخانەی مەعمەدانی لەو کەرتە، دۆخەکە چووەتە قۆناغێکی مەترسیدارترەوە. مەودای دڕندەیی و بەربەرییەت لەم کۆمەڵکوژیەدا کەبە پاڵپشتی تەواوی دارایی و سەربازی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا و دەزگاکانی پڕوپاگەندەی جەنگییان دەچێتەپێشەوە، هاوکات لەشکرکێشی و ناردنی گەورەترین پاپۆڕی جەنگی بۆ ناوچەکە،ڕوخساری سیاسی ناوچەکە و ڕیزبەندی هێزەکانلە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا ناچار به گۆڕانکاری جددی کردوە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بەرەو قۆناغێکی پڕمەترسی و کارەسات ڕاپێچ کردووە.

ئەمڕۆ ئەو ڕاستییەی که حکومەتە ڕۆژئاواییەکان که پشتیوانی ئیسرائیل دەکەن، لەوانە ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئەمریکا و ئەوانیتر، بۆ هەموان ئاشکرایە کەئەم دەوڵەتانە بوونەتە بەشێک له ماشێنی جەنگی و پڕوپاگەندەکردنبۆ ئیسرائیل و بوون به بەشێک له تابلۆی کێشەکە و بەبنبەست گەیاندنی چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین. "دیموکراسی ڕۆژئاوا" که هەر جۆرە نارەزایەتییەک لەدژی تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل و پشتیوانی کردن لەخەڵکی فەلەستین قەدەغە دەکات، که پۆلیسی "دژە تیرۆر" بەردەداتە گیانی لایەنگرانی خەڵکی فەڵەستین و دەیانکوژێت، کاتێک که ژیانکردنیفەڵەستینیەکان له ڕۆژئاوادا به تاوان هەژماردەکات، که ڕقوکینەی نەتەوەیی و ئایینی لەقاڵبی "شارستانیەتی بەشەریەت"دا پەرەپێدەدات و کارتی سەوز بۆ دواکەوتووترین بەشەکانی کۆمەڵگا بەرزدەکاتەوە تا هێرشبەرنە سەر "بێگانەکان"، زیاتر لەهەر سەردەمێکیتر شەرعیەتی خۆی له چاوی خەڵکی موتەمەدینی جیهان و به تایبەتیش له ڕۆژئاوا، لەدەست داوە. هیچ کاتێک وەک ئەمڕۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و پەرلەمان و ئەحزاب و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیان، که پشتیوانی بێ مەرج لەئیسرائیل دەکەن وڕێگرن له کۆتاییهێنان بەبۆردومانەکان و ئەو کۆمەڵکوژیەی لەکەرتی غەززەدا کراوەو هەر ئەوانیشن کەساڵانێکە چارەسەری پرسی فەڵەستینیان بەبنبەست گەیاندووە،له چاوی خەڵکی جیهاندالاکەوتە وبێئابڕو نەبوون! بەهەق ئەمڕۆ "دیموکراسی ڕۆژئاوا" به جەنگ و کوشتن، کۆمەڵکوژی و سانسۆر، سەرکوت و تاوان دەناسرێتەوە. بەمجۆرەش لەچاوی خەڵکی جیهانی ئەمڕۆوەئەوە دەوڵەتی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوایەتی که به بەرپرسیار و سەرچاوەیهەر دڵۆپە خوێنێک که لەم ناوچەیەدا دەڕژێت دادەنرێن. لەڕوانگەی خەڵکی جیهانەوە کەلەژێر شۆکی تاوانەکانی ئیسرائیلدان و لەتاو بەرگریکردن لەخەلکی فەلەستین دەسووتێن، دەوڵەتانێک کەلەلوتکەی دڕندەیی و کۆمەڵکوژیەکانی حکومەتی ئیسرائیلداڕایدەگەیەنن "ئێمە لەپاڵ ئیسرائیلدا وەستاوین!" ، ئیتر شەرعیەتیان نییە. ئەمڕۆ "جیهانی ئازاد"ی ڕۆژئاوا، ئەم "کەعبەیەی ئومێدەکانی دیموکراسی"، جگە له ئەفسانەیەک هیچی نییە!

ئەمڕۆ بەرگری کردن لەخەڵکی فەڵەستین و چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین

مۆری خۆی ناوە بەپەیوەندی نێوان خەڵکی موتەمەدین و ئازادیخوازی ڕۆژئاوا و حکوومەتەکانیانەوە. پشتیوانی ئاشکرای حکومەتەکانی ڕۆژئاوا لە تاوانبارانی جەنگیی ئیسرائیل، خەڵکی موتەمەدین وسەندیکا کرێکاریەکان، دامودەزگاکانیداکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ چ لە جیهان و چ لە وڵاتانی ڕۆژئاوای بەرەو سەردەمێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوە لەدژی حکومەتە "خۆییەکان" بردووە. "کێشەی فەڵەستین" ئەمڕۆ ئیتر تەنها کێشەی "خەڵکی موسڵمان" و "عەرەب" و "جیهانی عەرەب" نییە. بەڵکو کێشەی فەڵەستین، ئەمڕۆ کێشەی خەڵکی جیهانە.

هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و دژە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە و کوشتنی هەزاران کەس، لە چوارچێوەی دۆخی نوێی جیهان و لاوازبوونی پێگەی ئەمریکا لە جیهان و شکستی سیاسەتە سەربازییەکانی، لاوازبوونی پێگەی ئیسرائیل لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، چەقبەستوویی ڕێگاچارەکانی بەهێزکردنی جێگەوڕێگەی ئیسرائیل بەبێ وەڵامدانەوە بەکێشەی فەلەستین و سەرئەنجام فشاری ناڕەزایەتیە جیهانی و جەماوەریەکان، زیاتر لە هەر کاتێکی تر خواستی چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستینی بەسەر وڵاتانی ڕۆژئاوا ونەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەدا داسەپاندووە. ئەمەش وا دەکات هەر جۆرە "چارەسەرێک" بۆ کێشەی فەلەستین لە لایەن ئەم حکومەتانەوە و لە سەروو خەڵکی فەڵەستین خۆیانەوە بێتمەحکوم بە شکست بکات.

هەر خودی بوونی ئەم ڕاستیانە ولەپاڵ گوشارەکانی خەڵکی ئازادیخوازدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین، حکومەتە کۆنەپەرستە دەسەلاتدارەکانی ناوچەکەیلەدەسەلاتە هیچ لەبارانەبوەکەی مەحمود عەباس و حزبوڵلای لوبنانەوە تا دەگاتە سعودیە، ئوردن، قەتەر، میسر ، عێراق، ئێران و تورکیای خستۆتە جموجۆڵ کە ڕیاکارانە و بە ناوی "بەرگری" کردنەوە لەخەڵکی فەڵەستین بکەونە شوێن ئامانجە کۆنەپەرستانەکانیانەوە.حکومەتانێک کەهەر خۆیان دامەزرێنەری جەنگەڵستانێکن لە بێبەشی و هەژاری و بێمافی و سەرکوتگەری و تاوانی دژ بە خەڵک لەم وڵاتانە و لەسەر ئاستی ناوچەکەدا، ئەو حکومەتانەی کە بە سوودوەرگرتن لە مێژوویی کێشەی فەلەستین، خەریکی ساتوسەودا ومامەڵەکردن بوون لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیلداو هەرخۆشیان بەربەستێکی جددی بوون لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستیندا، کەچی ئەمڕۆ لەژێر فشاری پشتیوانی جیهانی خەڵکی موتەمدیندا، ڕیاکارانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە "بەرگریکار"ی خەڵکی فەلەستینن.

ئەمڕۆ خەڵکی موتەمەدین و ئازادیخواز لەسەراسەری جیهاندا بەشێوەی بەرەیەکی بەهێز وسەربەخۆ لەدەوڵەتان وهێزە کۆنەپەرستەکان لەدژی ئیسرائیل و لایەنگرانی، پێیناوەتەمەیدانەوە. بەرەیەک کەبە کۆی دەنگ داوای دادگاییکردنی سەرانی حکومەتی ئیسرائیل وەک تاوانباری جەنگ و ئەنجامدەرانی کوشتنی بەکۆمەڵیخەڵکی فەلەستین و دادگاییکردنی سەرۆکی دەوڵەتان، حزبەکان، مافیای میدیایی و □ هتد. لەسەر تاوانی بەشداریکردنیاندژبە مرۆڤایەتی، لەلایەن دادگایەکی سەربەخۆ لە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و لایەنگرانی حکومەتی فاشیستەکانی ئیسرائیل دەکات. ئەمە ڕیزێکی فراوان و بەهێزە کەلە دڵی تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل لە دژیخەڵکی فەلەستینەوە سەریهەڵداوە و ڕووی لەوەیە مۆری خۆی لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو بدات.

بەهێزکردنی ئەم بەرەیە و هەوڵدان بۆ هێنانە مەیدانی سۆسیالیستەکان و چینی کرێکار وەک ئاڵا هەڵگری ئەم هێزە فراوانە، لە دژی تاوانەکانی جەنگ وداکۆکیکردن لە چارەسەرکردنی پرسی فەڵەستین و بۆ جیهانێکی سەلامەتتر و ئینسانیتر ئەرکی ئێمە و هەر هێز ورەوتێکی کۆمۆنیستییە.

لەسەر بنەمای ئەمەش ئێمە حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی) و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق خوازیاری جێبەجێ بوونی ئەم خاڵانەی خوارەوەین:

*/ ڕاگرتنی جەنگ و کۆتایی دەستبەجێی بۆردومانی کەرتی غەززە!

*/ کۆتایی هێنانی دەستبەجێی گەمارۆی ئابووری لەسەر خەڵکی کەرتی غەززە!

*/ ناردنی دەستبەجێی هاوکاری دەرمانی و پزیشکی، خۆراک و □ بۆ کەرتی غەززە!

*/ داماڵینی دەستبەجێی ناوچەکە لەچەک و کشانەوەی پاپۆڕەجەنگیەکانی ئەمریکا و هێزی سەربازی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە!

*/ کشانەوەی دەستبەجێی ئیسرائیل لە خاکە داگیرکراوەکان و گەڕانەوەی خەڵکی فەلەستین بۆ شوێنی کار و ژیانی خۆیان و وەستانی هەر هەڕەشەیەک لە دژیان!

ئەمانە هەنگاوی یەکەمن بۆ کۆتایی هێنان بەبەردەوامی تاوانە سیستماتیک و ڕێکخراوەکانی حکومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەڵەستین و سازکردنی زەمینەکانی دەستراگەیشتن بەڕێگای چارەسەری بنەڕەتی کێشەی فەڵەستین، واتە دانپێدانان بەدوو دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ ئیسرائیل و فەڵەستین.

ئێمە هەموو سەندیکا کرێکاریەکان، حیزبە سیاسیەکان ونیهادە دامودەزگاکانی داکۆکیکار لەمافەکانی مرۆڤ وخەڵکی موتەمەدینی جیهان، بانگەوازەکەین کەپشتیوانی لەخەڵکی بێبەشی فەڵەستین و ئەم بەیاننامەیە وچارەسەری بنەڕەتی کێشەی فەڵەستین وبەرەسمیەت ناسینی دوودەوڵەت بکەن.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**حیزبی حیکمەتیست(خەتی ڕەسمی)**
**١٨/١٠/٢٠٢٣**

# نا بۆ پشتیوانی لە تاوانەکانی ئیسرائیل!

# لە وەڵام بە وتەکانی ڕیشی سوناک سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا

دەشتی جەمال

ریشی سوناک سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بەدوای سەردانەکەی بۆ ئیسرائیل و پشتیوانی ڕاستەوخۆی لە دەوڵەتی ئیسرائیل، پاشان سەبارەت بە بۆردومانی نەخۆشخانەی مەعمەدانی کە سەدان کەسی بێتاوانی کۆمەڵکوژ کرد، وتی "هەواڵگری بەریتانیا گەیشتوتە ئەو ئەنجامەی کە پێدەچێت تەقینەوەکە لە موشەکێکەوە بووبێت کە لەناو غەززەوە هەڵدرابێت، نەک هێرشی ئاسمانی ئیسرائیل"، ئەوەشی وت "حکومەتی بەریتانیا دادوەری دەکات کە پێدەچێت تەقینەوەکە بەهۆی مووشکێکەوە بووە کە لەناوخۆی غەززەوە بەرەو ئیسرائیل هەڵدرابێت" زیاتر لەمانەش وەزیری کۆچ وکۆچبەرانی حکومەتەکەی لە لێداوانێکیدا ئەمڕۆ ڕایگەیاند "ئیسرائیل هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە و پێشێلی یاسا نێودەوڵەتیەکانی نەکردوە"

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ریشی سوناک و حکومەتەکەی ڕاستەوخۆ دەیەوێت چاو لەو هەموو تاوانکارییانە بپۆشێت کە دەوڵەتی ملهوڕی ئیسرائیل بەرامبەر بە ٢.٤ ملیۆن فەڵەستینی بەڕێوەی دەبات و پاساو بۆ جینۆسایدکردنی خەڵکی سڤیلی فەڵەستین دەهێنێتەوە، چونکە ریشی سوناک هەر لەسەرەتاوە وەک لایەنێکی ئەو جەنگە و هەر زوو هاوشانی ئەمریکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا بڕیاری هاوکاری لۆجستیکی و سەربازیی بێمەرجیان بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل بەیان کرد. ئەوەی ریشی سوناکی توڕە و توشی هیستریا کردوە هاتنە مەیدانی جەماوەری سەدان هەزارییە لە وڵاتەکەی دژ بەو کردەوە قێزەوەن و تراژیدیا و مناڵ وژن کوژەی ئیسرائیل، کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدات.. ریشی سوناک و هاوشێوەکانی بڕیاریانداوە بێدەنگ نەبن و ئەوەی پێویست بێ بیکەن بۆ پشتیوانی لەو تاوانکارییە. هەروەها بەبەردەوامی خۆی و حکومەتەکەی و میدیا و دەزگا چەواشەکارەکانیان لە بەرژەوەندی و بەرگریکردن لە سیستەمەکە قسە و شرۆڤە دەکەن. پاساو بۆ تاوانەکانی ئیسرائیل دەهێننەوە تا ڕێگەچارەی واقعی کێشەی فەڵەستین بەلارێدا بەرن و تاوانە چەپەڵەکانی ئیسرائیل لەدژی هەموو ئەوانەی نارەزایەتی دەردەبڕن و شەقامەکانیان بەدەستەوە گرتوە بۆ ڕاگرتنی ئەم جەنگە و لغاوکردنی دەوڵەتی فاشستی ئیسرائیل، خامۆش بکەنەوە.. ئەمە ئیتر بەڵگەی ناکۆکی نێوان بەرەی ئازادیخواز و ریشی سوناکە وەک پارێزەرانی سیستەمی سەرمایەداری و درێژەدان بە جەنگ و میلیتاریزم و تاوانەکانیان.

ریشی سوناک بە ڕاوەستان و بەرگری لە ناتانیاهۆ کە تاوانبارێکی گەورەیە و بەرپرسە لەجینۆساید و لاشەی شێواوی دەیان ژن و مناڵ و پیر و پەککەوتەی فەڵەستین، ئەوێک کە چەند مانگی پێش هەڵگیرساندنی جەنگەکە حکومەتەکەی لەگەڵ قەیرانی سیاسی و ئابووری بەرەوڕوو بوو، بەهۆی تێوەگلانی لە گەندەڵی و دەستێوەردانی بۆ گۆڕینی سیستەمی دادوەری لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازی ئیسرائیلەوە خواستی دەست لەکارکێشانەوەی دەستبەجێ لە پۆستەکەی ببوە داوایەکی گشتگیر، نەک هەر بە ئاشکرا مۆری تەئید دەدات لە تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل دژی خەڵکی فەلەستین، بەڵکو ڕاستەوخۆ دژایەتی ئاواتەکانی خودی خەڵکی نارازی و ئازادیخوازی ئیسرائیلیش دەکات.

خەڵکی مەحروم و بێتاوانی فەلەستین ساڵەهایە بەدەست فاشیزم و سەرکوت و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە دەناڵێنن و قوربانی ئەدەن. ئاواتیان ئەوەیە بە مافەکانی خۆیان بگەن و نەچەوسێنەوە. لەماڵ وحاڵی خۆیان دەربەدەر نەکرێن. نەکوژرێن و جیاکاری و هەلاواردن بەرامبەریان نەکرێت. ئارامی و ئاسودەی باڵ بکێشێت بەسەر کۆمەڵگاکەیاندا. بەڵام هەرجارەی لەژێر ناوێک وە ڕێکەوتنێک لەسەر دەستی لایەنێکی غەربی بەدەر لە دەور و ئیرادەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی فەلەستی و ئیسرائیل و مەسەلەی دوو دەوڵەت لەباردەبرێت. ئەوەی ئێستاش بۆ خەڵکی جیهان وەک ڕۆژی ڕووناک ئاشکرایە، ئەوەیە کە ئەم جەنگە، جەنگێک نیە بۆ بەرگریکردن لەخۆ، بەڵکو ئەو هێرش و ڕەفتارە قێزەوەنەی حەماس بەرهەمی سەرکوت و چەوساندنەوە و ستەمکاری کۆبۆوەی چەند دەهەیە لەتاوان و ملهوڕی ئیسرائیل، بەمانایەک فاشیزمی ئیسلامی حەماس و جیهاد بەرهەمی فاشیزمی ئیسرائیلە. لایەنی قێزەونتری ئەم ڕووداوە ئەوەبوو کە ملهوڕترین و تاوانبارترین دەوڵەتی خوێنرێژی دنیا و کۆمەڵێک دارودەستەی کۆنەپەرست و گوێ لەمستی ئەو دەوڵەتانە کە خۆیان تا ئەنیشکیان لە خوێن و تاواندایە، لەم ڕووداوە قێزەونەدا دەم و چاوی تاوانکارانەی خۆیان داپۆشی و بەرگی عەدالەتیان خستە سەر

⟸

جەستەی پڕ تاوانیان، گوایە لەپاڵ مافی ئیسرائیل بۆ بەرگری لەخۆی ڕاوەستاون.

تراژیدیا خوێناوییەکانی ئەم ١٧ ڕۆژەی ڕابردوو، ئەو سیناریۆ ڕەشەی بەهێرشی غافڵگیرانەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دەستی پێکرد و پاشان لەژێر ناوی تۆڵەسەندنەوە بە هێرشێکی خوێناوی ئیسرائیل بە نەخشە و سیاسەتەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دۆخەکەی بەرەو کارەساتی قوڵ و ئینسانکوژی ڕۆژانە پاڵپێوەنا. ڕادەی درندەیی دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەمەریکاو دەوڵەتانی ڕۆژاوای بەڕوونی بۆ جیهان ئاشکاکرد. نەک هەر ئەوە بەڵکو لەلایەکەوە بەرژەوەندخوازی سیاسی حەقیرانەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی نمایش کرد کە لەژێر ناوی ناوبژیوان بۆ ئازادکردنی دیلەکان و گەیاندنی کۆمەکی ئینسانی و کردنەوەی ڕێڕەوی ئەمنی، خۆیان بەمەسەلەی فەلەستیندا هەڵواسیوە و دەیانەوێ خۆڵ بکەنە چاوی هاوڵاتیانی خۆیان. لەولاشەوە حکومەتەکەی ڕیشی سوناک و هاوبەشە جیهانیەکانیان لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، دەیانەوێت بەرگریکردن لە دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بکەنە پاساوێک بۆ لەشکرکێشی و میلیتاریزەکردنی ناوچەکە. ئیسرائیل و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان، بە بەرێخستنی فەزای جەنگ و تیرۆریزم و میلیتاریزم، هەڕەشەیەکی خەتەرناک لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگای بەشەری دروست دەکەن و کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان لەسەر بورکانێکی گەورە داناوە کە هەرکات بتەقێتەوە کارەساتی ئینسانی گەورە دەخولقێنێ، ئەگەر لەلایەن بەرەی ئازادیخوازی و چینی کرێکارەوە بەری پێنەگیرێت.

بەدڵنیاییەوە ئەمە ئەرکێکی قورس دەخاتە ئەستۆی بەرەی ئازادیخوازی مرۆڤایەتی کە پەردە لەسەر تاوانەکانی ناتانیاهۆ و پشتیوانی چەپەڵانەی ڕیشی سوناک و ئەمریکا و ڕۆژئاوا لێی، وەک شەریکە تاوان لەسەر تاوانکاری ئیسرائیل بەرامبەر خەڵکی بێتاوان و یەخسیرکردنی کۆمەڵگەی بەشەرییەت، هەڵبداتەوە. بەڵام توانای تێپەڕاندنی ئەم سەختییەی هەیە کە ئەگەر ئەم بەرەیە ڕیزی سەربەخۆی خۆی لەهەردوو جەمسەری ئەم لایەنانە جیابکاتەوە، کێشەی فەلەستین لەسەردەستی ئەم بەرە جیهانییەی هاتۆتە مەیدان دەتوانرێت و دەکرێت چارەسەر بکرێت بە ڕێگەیەکی ئاشتییانەوە و دوور لە توندتیژی و جەنگ. ئەویش بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ماف یەکسان، پشتبەستوو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵکی فەلەستین لەپاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا، دەوڵەتێک کە بتوانێ دەستبەجێ ئەمنییەت و ژیان و ئازادی و گوزەرانێکی شایستە بە ئینسان بۆ خەڵکی فەلەستین دەستەبەر بکات. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی فەلەستین و ئیسرائیل بە یەکگرتوویی و بەهاوپشتی بەرەی پێشکەتوخوازی دنیا دەتوانن ئەم ڕێگەیە هەڵبژێرن. ئەمە ئەو ڕێگەیەیە کەدەتوانێ دەستی ڕیشی سوناک و ناتانیاهۆ و ئەمریکا و وڵاتانی غەرب وە حکومەتەکانی کۆنەپەرستی ناوچەکە ببەستێ.

٢٥/١٠/٢٠٢٣

# گفتوگۆی لەگەڵ مامۆستا کامەران لەتیف سەبارەت بە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی مامۆستایاندژ بە نەدانی مووچەکانیان!

**ئۆکتۆبەر: ماوەیەکە مامۆستایانی ناوچەی ژێردەسەڵاتی یەکێتی بایکۆتی خوێندنیان دەست پێکردووە دژی نەدانی مووچەکانیان، تا چ ڕادەیەک ئەم میکانیزمە ئەتوانێ سەرکەوتن بە دەست بهێنێت؟**

کامەران لەتیف: بەداخەوە ئەمساڵیش وەک زۆربەی ساڵانی ڕابردوو بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران دەستپێکی خوێندن دەستی پێکرد. بایکۆت تائێستا بەردەوامە بەتایبەتی لە سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی دەڤەری سەوز. وەک دەزانن بایکۆت شێوازێکی ناڕەزایەتی دەربڕینە کە چەند ساڵێکە دووبارە دەبێتەوە لە چەند قۆناغێکی دیاریکراودا بووە. ئەتوانم بڵێم کە کاریگەری هەبووە، بەڵام تاکە ڕێگەش نییە وەک هۆکارێکی فشار کاریگەری هەبێت، لەبەرئەوەی بایکۆت تەواوی قوتابخانەکانی کوردستانی نەگرتۆتەوە، بەتایبەتی لە هەولێر و دهۆک، لە ژێر زەخت و چاو سوورکردنەوەی پارتی ناتوانن بێنە سەر شەقام، یاخود بایکۆت بکەن. خاڵێکی تر ئەوەیە کە بایکۆت ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی مامۆستایان ناهێڵێت کە لە قوتابخانە ڕۆژانە پێکەوە بیر و بۆچوونی یەکتر بگۆڕنەوە وە پلانی ئایندە دابڕێژن. بەشێوەیەکی گشتی بایکۆت شێوازێکی ناڕەزایەتی و ناچاریە کە مامۆستایان وەک هۆکارێک بەدەستیانەوە گرتووە. ئەگەر بێت و مامۆستایان بەشێوەیەک سەرجەمیان بێنە سەر شەقام وە لە هەموو ناوچەکان لەهەموو ناوەندەکانی خوێندن بێنەمەیدان، ئەتوانم بڵێم ئەمە کاریگەری باشتر ئەبێت و زۆر زووتر وەڵام بە داخوازییەکانی مامۆستایان دەدرێتەوە...

**ئۆکتۆبەر: ئایا هۆکار چییە کە مامۆستایانی ژێر دەسەڵاتی پارتی پەیوەست نەبوون بەم چالاکییەوە تا چ ڕادەیەک کاریگەری لەسەرکەوتنی ئەم ناڕەزایەتییەکانی مامۆستایان هەیە؟**

کامەران لەتیف: بەڵێ بەدڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر ناڕەزایەتییەکان دروست دەکات، چونکە پارتی، هەولێر و دهۆک و دەوروبەری بە جێگا دەسەڵاتی خۆی دەزانێت. هەر ناڕەزاتیەتییەک لەو شوێنانە بە خەتەر بۆ سەر دەسەڵاتەکەی دەبینێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە چەند ناڕەزایەتی هەبێت لە سلێمانی و هەڵەبجە و ناوچەکانی تر، پارتی زۆربۆی گرنگ نییە. بۆیە ئەمەش نیشانەی ئەو دوو ئیدارەیە کە چەند ساڵە بەردەوامی هەیە. خاڵێکی تر ئەوەیە کە ناڕەزایەتییەکان لە دەڤەری سەوز کە هەیە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە یەکێتی ئازادیخوازە، بەڵکو سروشتی سلێمانی و خەڵکەکەی هەروا بووە. هەرچی بە خەڵکی هەولێر و دهۆکیشە زۆر ناڕازین لە دەسەڵات و لە حکوومەت، بەڵام پارتی بەجۆرێک دەستی خستۆتە بینەقاقای خەڵک کە هیچ فرسەتێکی نەهێشتۆتەوە بۆ ناڕەزایەتیەکان. بۆیە دەبینین بەدەیان ڕۆژنامەنووس وچالاکی مەدەنی ئێستا لەنێو زیندانەکاندان بوونی هەیە.

**ئۆکتۆبەر: ئایا ناوبەناو داخستنی دەرگای خوێندنگەکان کاریگەری خراپ لەسەر پرۆسەی خوێندن ناکات؟**

کامەران لەتیف: بەڵێ بەدڵنیاییەوە داخستنی دەرگای ناوەندەکانی خوێندن ڕاستەوخۆ کاریگەری خراپ لەسەر پرۆسەی خوێندن و پەروەردە دروست دەکات، بەڵام هەموو ئەمانە دەسەڵات و حکوومەت بەرپرسی یەکەمن لەم کەموکوڕیانە، چونکە مامۆستا هیچ کات پێیخۆش نییە بایکۆت بکات و دەرگای ناوەندەکانی خوێندن دابخرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەڵوێستی مامۆستایان ناچارییە. ئەمەی کە دەبینرێت کاردانەوەی نەبوونی مووچە و خزمەتگوزاریەکانە کە مامۆستا لەبەرامبەر بەمە بایکۆتی هەڵبژاردووە. هەرچەندە بایکۆت بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەریی هەبووە، بەڵام بەو ڕادەیە نەبووە کە دەسەڵات بە مەترسی بۆ سەر خۆی بزانێت، بەڵکو ئەگەر بکرایە لە ناوەندەکانی خوێندن پێکەوە مانگرتنی سەرتاسەری هەبێت وە بەردەوامی هەبێت، ئەمە ئەتوانم بڵێم کاریگەریەکە باشتردەکات و تا ڕادەیەک دەسەڵات ناچاردەکات وەڵام بە داخوازییەکانی مامۆستایان و مووچەخۆران بداتەوە...



**ئۆکتۆبەر: ئایا بە بۆچوونی تۆ خاڵی لاوازی ناڕەزاتیەکان و خۆپیشاندانەکان چییە؟**

کامەران لەتیف: بەبۆچوونی من خاڵی لاوازی ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیانەی کە هەر لە زووەوە دەستی پێکردووە، نەبوونی ڕێکخراوێکی یەکگرتووی سەرتاسەرییە کە دەنگی ناڕەزاییەتییەکانی سەرجەم چین و توێژەکانی مامۆستایان و مووچەخۆران یەکبخات و بتوانێت بەیەکشێوە ئاراستەی بکات. نەبوونی ڕێکخراوێک کە سەرجەم مامۆستایانی ناڕازی کۆبکاتەوە وە بتوانێت کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێت وە ببێتە فشارێک لەسەر دەسەڵات. بە داخەوە ئەمە نەبووە، بەڵکوو ئەوەی کە هەیە ڕێکخراوی سەر بە حیزبەکانە کە هەر یەکەو بەشێوەیەک لەشێوەکان ڕێنمایی لە حیزبەکەی وەرئەگرێت. ئەمەش بۆتە خاڵی لاوازی تەواوی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە ڕوانگەی بەرژەوەندی مامۆستایانەوە نەبووە، بەڵکو لە ڕوانگەی بەرژەوەندی حیزبەکانەوە ناڕەزاتییەکان ئاڕاستە کراوە زۆر جار بەئاقارێکی تردا براوە..

★

**کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستان، وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری، تیایدا جیاوازی چینایەتی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە، بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. ناکۆکی نێوان ئەم دوو چینە، ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگەیە و سەرجەم کێشە و ناکۆکییەکانی تر لە دەوری ئەمە تەوەرەیان بەستوە. لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا-ناسیونالیستەکان، وەکو نوێنەر و دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی کورد ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و لەسایەیدا کەمایەتییەکی کەم لەسەر حسابی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و سەپاندنی هەژاری و نەداری و کوێرەوەری بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دانیشتواندا، بوون بە ملیاردێر و لەناو سەروەت و ساماندا نوقم بوون. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ لەڕووی پەرەسەندنی ئابووری و پیشەسازی و بەهرەمەندبوونی لە سەروەت و سامانێکی زۆرەوە، زەمینە بابەتییەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی تیادا فەراهەم بووە کە لە سایەیدا هەموان خۆشگوزەران بژین. ئەمانە چینی کرێکار و بزووتنەوەکەیانی کردوەتە هێزی بنەڕەتی بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم چینەیان کردوەتە کارێکی پێویست و دەستبەجێ و لە ڕووی بابەتیشەوە مومیکن.**

**بەشێک لە بەڵگەنامەی حزب: مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە... پەسەندکراوی کۆنگرەی (٥) دێسمبەری ٢٠٢١**

# شۆڕشی ئۆکتۆبەر و مەسەلەی جەنگ!

## لەیادی ١٠٦ ساڵەی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەردا

مستەفا باهیر

١٠٦ ساڵ بەرلەئێستاو لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا " ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧" بەرۆژ ژمێری کۆنی روسی، کرێکاران و زەحمەتکێشانی روسیا توانیان دەسەڵات بەدەست بێنن و حکومەتی کاتی بەسەرۆکایەتی کرنسکی وەلا نێن. یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی چینی کرێکار، خەباتی چینایەتیە و هەوڵدانە بۆ شۆڕش و سەرکەوتنی شۆڕش و پرسی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسیە، چونکە چینە چەوساوەکان بەبێ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی کاریگەریتیان نابێت و ناتوانن بەرنامەی خۆیان بۆ ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بەدیبهێنن. هەربۆیە بەلشەفیەکان و لینین لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا توانییان بەشێوازی شۆڕشگێرانە و راپەرینی چەکدارانە، ئەم پرنسیپە پەیرەو بکەن و بەرەو کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی هەنگاوی گەورە بنێن. شۆڕشی ئۆکتۆبەر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا بوو بۆ راماڵینی چینە چەوسێنەرەکان و دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریا.

لە دەورانێکدا شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرپابوو کە سەرمایەداران بۆ کەڵەکەی سەرمایەکەیان هەموو رێگایەکان دەگرتەبەر و لە هیچ شتێک سڵیان نەدەکردەوە. سەرمایەداران بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایەکەیان و بۆ دۆزینەوەی بازاڕو تاڵانکردنی سەروەت و سامانی وڵاتان، پێویستیان بە جەنگ و داگیرکاری هەبوو، تابتوانن جیهان لەبەینی خۆیاندا دابەشبکەن. هەربۆیە جیهانیان خستە بەردەم شەڕێکی قورسەوەو جەنگێکی گەورەی وەک جەنگی جیهانی یەکەمیان بەرپا کرد، کە بووە هۆی کوشتنی ملیۆنەها ئینسانو



بڵاوبونەوەی هەژاری و برسیەتی لەتەواوی جیهاندا. هەڵاواردنی رەگەزی گەیشتبوە لوتکە، بە ملیۆنەها ئینسان لەشوێنی ژیانی خۆیان دەربەدەر کرابوون. نەخۆشی و نەبونی دەرمان، بووبووە هۆی مردنی ملیۆنەها ئینسان. بەکورتی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، جیهان لەبەردەم مەترسیەکی گەورەدابوو. روسیاش وەک دەوڵەتێکی سەرمایەداری بۆ دۆزینەوەی بازاڕو تاڵانکردنی سەروەت و سامانی وڵاتانی تر لەو شەڕەدا بەشدار بوو.

چینی کرێکاری روسی بەرابەرایەتی حزبی بەلشەفی و سەرکردایەتی رابەری مەزنی چینی کرێکار، هاوڕێ "لینین"، لە ٢٥ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ گەورەترین شۆڕشی کرێکاریان بەرپاکرد. ئەو شۆڕشە لەماوەیەکی کەمدا توانی دەسەڵاتی حکومەتی کاتی بڕوخێنێت و لەشوێنیدا حکومەتێکی شورایی پێکبهێنێت.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفی، یەکەمین کارێک کە کردیان هەوڵدان بوو بۆ وەستانی شەڕ. ئەویش بەهاتنەدەرەوەی روسیا لەهێزی هاوپەیمانان و کۆتایی هێنان بەجەنگ لەگەڵ ئەڵمانیاداو ئاشکراکردنی پەیماننامەی سایکس – بیکۆ. ئەو هەنگاوانەش بوونەهۆی ئەوەی کە هاوپەیمانان ناچاربن ئەو جەنگە کوشندەیە رابگرن. راگرتنی جەنگیش بووەهۆی رزگارکردنی ژیانی ملیۆنەها ئینسان لە کوشتن و دەردەسەریەکانی جەنگ. دوای چەند مانگ حکومەتی شورایی توانی دەستورێکی بنەڕەتی دابنێت کە تێیدا بۆ یەکەمینجار بڕیاردرا مافی چارەی خۆنوسین بۆ میللەتانی روسیا، یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو روویەکەوە، دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا بکاتە یاسای وڵات. بڕیاردرا زەوی بۆ ئەوکەسەیە کە کاری تێدادەکات. دین لە دەوڵەت جیاکرایەوە. کارگەکان لەلایەن شورا کرێکاریەکانەوە بەڕێوەدەبران و مافی پەنابەرێتی درا بەو پەنابەرانەی کە لە روسیا دەژیان... هتد.

هەرچەندە لە ئێستادا تەکنەلۆژیا گەشتوەتە ئەوپەڕی پێشکەوتن. بەرهەم و کارو توانای ئینسان بەشێوەیەکی بێوێنە لەچاو رابردودا چووەتەسەر، رۆژبەرۆژ داهێنانی تازە دێتەئاراوە کە هەموانی تووشی سەرسوڕمان کردوە، بەڵام هێشتا هەژاری و برسیتی و بێکاری و نەخۆشی باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە. بەملیۆنەها ئینسان لەبرساندا دەناڵێنن. ملیۆنەها منداڵ دەمرن بەهۆی ئەوەی کە دایک و باوکیان ناتوانن بژێویان بۆ دابین بکەن، ملیۆنەها ژن گیرۆدەی هەڵاواردن و ستەمی جنسین. کەم نین ئەوانەی کە بەهۆی هەندێ نەخۆشیەوە دەمرن، کە بە تێچوویەکی کەم دەکرێت چارەسەر بکرێن. بەملیۆنەها ئینسان بەهۆی شەڕی دینی و مەزهەبی و نەتەوەییەوە دەکوژرێن و ئاوارە دەبن و شاروگوندەکانیان وێران دەکرێن.

وا جارێکی تر سەرمایەداران، بۆ دابەشکردنەوەی جیهان بەسەر خۆیاندا، دیسانەوە فەزای جەنگ و میلیتاریزمیان بەسەر مرۆڤایەتیدا داسەپاندوە. سەرەتا لە ئۆکرانیا جەنگێکی خوێناوی دەستپێکردو ئێستا تەشەنەی کردوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەدوای پێکدادانەکانی ئەم دواییانەی حەماس و ئیسرائیل

ئەمریکا کەشتیە جەنگیەکانی بەرەو دەریای سپی رەوانەکردوەو ئەگەری تێوەچوونی لایەن و دەوڵەتی تر لەو کێشەو ململانێ خوێناویەدا بەرەو سەر دەچێت! بەتایبەتی کە ئێران هەرەشەی تیوەگلانی "بەرەی مقاومە" دەکات و روسیاش هوشداری دەدات.

ئێمە دەبینین جەنگی بەینی "ناتۆ و روسیا " لە ئۆکرانیا چ کارەساتیکیان بۆ تەواوی بەشەریەت دروست کردوە ، بەهۆی ئەم شەڕو کوشتارەوە گرانی و نەبونی و کەمبونەوەی خزمەتگوزاریەکان لەتەواوی جیهاندا و بگرە لەو ولاتانەشدا کە بە ولاتی خۆشگوزەرانی دەناسران، بەتەواوی هەستی پێدەکرێت. هەر بەهۆی ئەم شەرەوە ملیۆنەها ئینسان لە ئۆکرانیاو رادەکەن و شاروگوندەکانی خۆیان جێدەهێلن. لە کەرتی غەزەش وا بۆ نزیکەی چوار هەفتە دەچێت هێرشەی درندانەی ئیسرائیل لەژێرناوی لەنێوبردنی حەماس دا لاشەی ژن منال و پیرو گەنجی فەلەستینی هەنجن هەنجن دەکات و ماڵو حاڵیان سەردا ویران دەکات! تا ئێستا بێجگە لەوەی بە هەزارن کوژراوو بەدەیان هەزار بریندار هەیە، زیاتر لە ملیۆنێک ئینسان ئاوارە بوون وناچار بەوە کراون شوێنی ژیانی خۆیان بەجێبهێڵن.

ئەم بارودۆخە خراپانە لە ئاسمانەوە نەبارییون بۆ هەژاران، بەڵکو سەرچاوەکەی نیزامی سەرمایەداریە. لەپێناو کەڵەکەبونی سەرمایەکانیان ئەم هەموو کارەساتە بەسەر مرۆڤایەتیدا دێنن. لینین دەڵێت "تا چینەکان لەناو نەچێت و سۆشیالیزم دانەمەزرێت لە ناوچونی جەنگ ئەستەمە". کەواتە تا جیاوازی چینایەتی مابێت شەرو کوشتار بەردەوام دەبێت. نەمانی جیاوازی چینایەتی زامنی ئاشتی وئارامی دەکات بۆجیهان. هەربۆیە تەنها رێگایەک کە لەبەردەم کرێکاران و تەواوی مرۆڤایەتیدایە بۆ رزگاربونیان لە هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە سیستەمی سەرمایەداری بۆی هێناون، وە بۆ راستکردنەوەی ئەم دونیا پێچەوانەیە، پێویستیان بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی کرێکاریی تری وەک شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بە خەباتی شۆڕشگێرانەی کرێکارانە، بۆ سەروژورکردنی ئەم سیستەمە زاڵمە. ئەویش بە رێکخستنی ریزەکانمان و دروستکردنی رێکخراوە کرێکاریەکان و کۆبونەوەمان لەدەوری یەکترو پەیوەست بوونمان بە حزبە کۆمۆنیستەکانەوە. بەبێ ئەمە ناتوانریت ئەم نیزامە زاڵمە کە بە ملیۆنەها سەرباز و پۆلیسی هەیە بۆ پاراستنی، لەناو ببرێت. سەرکەوتنی چینی کرێکار لەم شۆڕشەداو دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری، هەنگاوەکانی سەرەتای کۆتاییهێنان بە دابەشبوونی چینایەتی فەراهەم دەکات و بە نەمانی ئەم دابەشبوونە چینایەتیەش خۆشگوزەرانی و ئاسایش بەرقەرار دەبێت و جیهان دوور دەکەوێتەوە لە جەنگ و ماڵویرانی. بەبێ ئەمە جەنگ لە جیهاندا کۆتایی نایەت.

٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

# نابێت هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا قەبوڵ بکرێن!

## عوسمانی حاجی مارف

دەستپێکردنەوەی هەڵشەیی هێرشەکانی ئێستای تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق، بەبیانوی لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان، کەفرۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەر و فرۆکەی بێفرۆکەوان و هێزی پیادەی بەکارهێناوەو زیانێکی گیانی زۆری لێکەوتۆتەوەو دۆخێکی تەواو نائاساییشی لە ناوچەکەدا خولقاندوە، دەبێت دەست بەجێ مەحکوم بکرێت بەری پێبگیرێت.

بەڵام ئەوەی جێگا سەرنجە دەبینین لەهەمانکاتدا مەسرور بارزانی بە سەرۆکایەتی شاندێک بەر لە دەستپێکردنی ئەم هێرشە، لە ئانکەرە بوە و لەگەڵ ئەردوغان و هاکان فیدان کۆبۆتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ لێدوانێکی رۆشن دەربارەی ئەو کۆبونەوەیە راگەیەنن. دواتریش وەک دیمان کارەساتەکانی ئەو هێرشە بارزانیەکانی نەجوڵاند. هەروەها لەم بارەیەوە ئەوەی شایانی باسەو جێگای سەرنجی جدیە سەرۆکی تورکیا سەبارەت بە هێرشەکانی بۆ سەر هەرێم، سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردوە، سوپاسێک بەمانای سەلماندنی دڵسۆزی بارزانی بۆ حکومەتی تورکیا، کە ئامادەیە تەواوی خەڵکی کوردستان بکاتە قوربانی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی حکومەتی تورکیا.

تورکیاش بارلەوەی هێرشەکانی دەستپێبکات، بۆردومانەکانی بۆسەر چیای مەتینا بەردەوام بوون. لەولاشەوە بەبێدەنگی کۆبوونەوەکانیشیان بەسادەیی تێپەراندووە.

ئامانجی تورکیا لەم هێرشە درندانەیەیدا دەستبەسەرداگرتنی پێگەیەکی ستراتیژییە لەناو هەرێمی کوردستاندا. لەهەمانکاتدا ئەگەری ئەوەش زۆرە کە تورکیا بۆ تێکدانی زیاتری دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و قوڵکردنەوەی زیاتری قەیرانەکان، ئەم هێرشانە دەکات، تا دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمدا زیاتر بخاتە ژێر هەژمونی ئایندەی

بەرژەوەندیەکانی خۆی لە ناوچەکەدا، جا حکومەتی هەرێم هەڵدەوەشێت یان دەمێنێتەوە، حکومەتی تورکیا لە هەر حەڵەتێکدا بێت، دەبێت بەرژەوەندیەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بپارێزێت. یان بەمشێوەیە لە هەوڵی ئاسانکاری زیاترە بۆ دەخالەتی زیاتر لە ناوچەکەدا، تا دەستکەوتەکانی لەو ئالوگۆرانەی پێشبینی دەکرێن، دابین بکات، هەروەها بارزانیەکانیش خۆیان رادەستی واقعیەتی هەلومەرجێکی وەها کردووە، کە نازانن لەم کێشمەکێشەدا ئایندەیان چی بەسەردێت. ئەمەش جۆرێکە لە هەرەسهێنان، کە خۆیان خزاندۆتە ناو جۆلانەی گەمەی سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیاوە، کە لەئێستاوە قوربانیەکانی دەبینرێت.

لەپێش ئەم هێرشەشدا، تورکیا دەستی گرتووە بەسەر زۆر شوێن و لەچەند ناوچەیەکیشدا بنکەی سەربازیی خۆی داناوە. لەسەر بنەمای خودی راگەیەندراوەکانی تورکیا، زیاتر لە ٣٥ بنکەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دامەزراندوە. ئەمە ئامادەکارییەکی سادە نیە، بەڵکو چاوەروانی و دەخالەتێکە بۆ خۆ گونجاندن و بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی زیاتر لە هەر ئاڵوگۆڕێک کە بەسەر ناوچەکەدا بەرجەستە دەبێتەوە.

لەبارەی ئەو هێرشە ئاسمانیانە بۆ سەر ناوچەکانی هەرێم، هەڵبەتە ئەوەی ئێستا تورکیا ئەنجامی دەدات لە بۆردومان و کوشتن و کاولکاری و ئاوارەیی تەنها بە لیدانی پارتی کرێکارانی کوردستان لێکبدرێتەوە. ئامانجە سیاسیەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا زۆر لە لیدانی پەکەکە فراوانترو هەستیارترە. هەر لەپێناو بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی و پاراستنی پێگەیەکی بەرز لە ناوچەکەدا، پرسی کوردیان کردۆتە پرسێکی ئاڵۆز و دڕکاوی، بەناوی لیدان لە پەکەکەش بە هەمولایەکدا پەلدەهاوێژن. بەبیانووی بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانی پەکەکە، هەزاران کیلۆمەتر چوارگۆشەی خاکی ناوچەکەیان داگیرکردووەو بە ئارەزوی خۆیان مانۆری سەربازی دەکەن و پێگەو تواناییەکانی تورکیا نمایش دەکەن و بەدوای سەرکەوتن و ئەو دەستکەوتانەن کە رێرەوی سیاسی لە ناوچەکەدا پێیان دەسپێرێت..

لە کوردستانی سوریا، دەوڵەتی تورکیا عەفرین و سەرێکانیە و گرێ سپی داگیردەکات. ئێستا ژێرخانی ئەو ناوچانە بۆردومان دەکات کە لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە کۆنترۆڵکراون. ئامانج لێی چۆڵکردنی ئەو ناوچانەیە لە هێزە کوردیەکان، لە پشتی ئەمەشەوە ئامانجی ئەوەیە گۆڕانێکی دیمۆگرافیای ریشەیی بهێنێتە ئاراوە بە زیانی هێزە کوردیەکان.

هەڵبەتە حکومەتی تورکیا پێویستی بە بیانوو نەبووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزو گروپە سیاسیە کوردیەکان و سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان. هەمیشە لەنێو باقی وڵاتانی تردا پلەی یەکەمی هێناوە لە شەرکردن و راوەدونانی هێزە سیاسیە کوردیەکان و بگرە سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی خەڵکی کورد زمان و پێشێلکردنی مافەکانیان لەناو خۆی تورکیاو لە دەرەوەیدا. لەمێژوی رۆڵی ناسیۆنالستی تورکدا زۆرترین زیانیان بە خەڵکی کورد گەیاندوەو دەگەیەنن، بەبێ گوێدانە ئەوەی چەکدار بێت یان مەدەنی.

ئەم بەربەریەتەی تورکیا لە ناوچەکەداو بە تایبەتی کە لە کوردستاندا پیادەی دەکات، شێوازی هەمان بەربەریەتە کە ئیسرائیل بەرامبەر خەڵکی فەلەستین ئەنجامی ئەدات. کارێکە مەحکومە و پێویستە بەرەی ئینساندۆست و ئازادیخواز بێدەنگ نەبن و بەری پێبگرن. لەهەمانکاتدا ئەو هێزانەش بەرژەوەندی سیاسی هێزەکەیان لەم درندەبونەی دەوڵەتی تورکیا دەبیننەوەو پشتیوانی دەکەن، پێویستە ریسوا بکرێن و لەسەر شانۆی سیاسی بکرێنە دەرەوە.

☆

# کاتێک هێزی سێهەم بەدژی ئینسانکوشتن دێتە مەیدانەوە!

**نوری بەشیر**

بەجیا لە لایەنگرانی دوو هێزی ئینسانکوژو کاولکەر و کۆنەپەرستی حکومەتی ئیسرائیل و حەماس، هێزێکی دیکە لەمەیداندایە، ئەویش هێزی سێهەم، هێزی سەدان ملیۆنی ئینسانی ئازادیخوازە لەسەرانسەری جیهاندا. ئەم هێزە نە لایەنگری کۆمەڵکوژیەکان و کاولکاریەکانی حکومەتی تیرۆیستی ئیسرائیلە بەبێ دەست پاراستن لە ژن و منداڵ و پیرو قوتابخانەو نەخۆشخانە و دانانی گەمارۆی ئاوو کارەبا و خواردن دژ بە خەڵکی غەززە، نە لایەنگری کاری کوشتن و رفاندن و تەقاندنەوەی حەماسە بەدژی خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل.

بەڵام راستیەکان تەنیا ئەوەنیە کە میدیای دەستەراستی بۆرژوازی دەربارەی ئەوەی کە لەغەزەو ئیسرائیلدا روودەدات و بڵاویدەکەنەوە و سەرانی حکومەتەکانی بۆرژوازی رۆژاوا پاکانەی تاوانەکانی ئیسرائیل دەکەن بەبیانوی بەرپەرچدانەوەی تیرۆرەوە. خەڵکی هوشیارو بەئاگای جیهان ماهیەتی دژی ئینسانی و کۆنەپەرستانەی حکومەتە بۆرژواییەکانی رۆژاوا

سەرۆکەکانیان بەرادەیەک بۆ دەرکەوتووە کە مەگەر تەنها لایەنگرانیان باوەڕیان پێ بکەن و چەپڵەیان بۆ لێبدەن. ئەگەر تەنیا راستیەکانیش هەر لە سۆشیال میدیاوە کە مەحدودە وەربگرین؛ ئاستی ئەو کوشتارو کاولکاریەی حکومەتی ئیسرائیل بەرامبەر خەڵکی مەدەنی غەززە بەرپێخستووە، دەردەکەوێت. ئەو تاوانەی ئیسرائیل لە نەخۆشخانەی مەعمدانی ئەنجامیدا، رادەی درندەیی ئەو دەوڵەتەو ریسوایی سەرانی بۆرژوازی رۆژئاوایی نمایش کرد.

بەڵام هەر لە سەرەتای رۆژی ٧ی ئۆکتۆبەرو هێرش و کوشتن و رفاندنەکانی حەماس و دواتر کۆمەڵکوژیەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە لەناو تەپووتۆزو هاتوهاواری حکومەتانی بۆرژوازی و میدیا چەواشەکاریەکانیانەوە، هێزێکی تر، ریزێکی تر نای بۆ ئینسانکوشتن وت، نای بۆ کوشتنی خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل و نای بۆ کۆمەڵکوژی خەڵکی فەلەستین و غەززە وت، بەدژی کوشتارو کاولکاری وەستایەوە. بەڵام لێرەولەوێ و بەشێوەی بچوک و بەبێ میدیا، بەڵام دوو هەفتەی رابردوو ئەم هێزە وەک کێویێک کە لە بیاباندا بەرزبێتەوە، هاتە مەیدانەوەو دەرکەوت، بەتایبەت ئەم هەفتەیەی دوایی لە ٢١ی ئۆکتۆبەردا ریزی چەند ملیۆنی خۆی لەسەراسەری دنیا نمایش کرد.

ئەم هێزە وەک هێزی سێهەم بەدژی کوشتار و بەدژی شەڕو تیرۆریزمی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتی وەستایەوە، نایەکی گەورەی لەدژی ناتانیاهۆو حکومەتەکەی وت، ئەم نایە لەناو ئیسرائیلەوە تا دەگاتە ئەمریکاو ئەورووپاو سەرجەم دنیا. ئەم هێزە وەک بەرەی سێهەم و رادیکال و ئینساندۆست و ئازادیخوازو کۆمۆنیست و کرێکاری هاتنە سەر شەقامەکانی وڵاتەکانیان و بەردەم شوێنە سەرەکیەکان لە وڵاتەکاندا. ئەم هێزە خۆی نیشاندا لە: ئەمریکا لە واشنتۆن و نیۆرک، کەنەدا، بەریتانیا لەلەندەن و چەندین شاری دیکە، لە فەرەنسا، ئوستراليا، لە یابان، ئیسپانیا، لە نیوزیلاند، لە ناوخۆی ئیسرائیلدا، لە ئەڵمانیا لە دوسلدورف، بەهێزو بە دروشم و بانگەوازی گەورەی وەستانی دەستبەجێی کوشتارو کاولکاری سەر غەززە، بە بەرزکردنەوەی سەدان هەزار پلاکارتەوەو هەروەها لە ئەمریکا چوونە ناو بینای کۆنگریس.

خۆپیشاندانەکان و رژانە سەرشەقامەکانی ئەم هێزە وەک نمایشێکی هێزێکی رادیکال، ئینسانی و دوور لەهیچ فەزایەکی قەومی و ئاینی و رەگەزپەرستی بوو. ئەگەر بۆ کەسێک لەنزیکەوە بەشداری کردبێت، وەک ئێمە لەبەریتانیا، بەجیا لە دروشم و وتنەوەی دروشمەکان بەدەنگی بەرز لە زۆربەی وڵاتەکان، یەک ناوەرۆکی هەبوو. ئەوەی جێگای خۆشحاڵی و سەرنج بوو ریزێکی فراوان لە ئینسانەکان وەک ئەوەی لەسەراسەری جیهان دەعوەت کرابن بۆ کۆنگرەیەکی بەرگری لە ئینسان و پێکەوە یەک بیرو یەک رێگای دژی شەڕو کوشتارو کاولکاریان هەبێت، بەجیا لەرەنگی پێست و نەتەوە و نەژادو دینیان، لە رێزێکی فراواندا دژی جەنگ و کاولکاری و تاوانەکانی ئیسرائیل لە غەزە وەستانەوە.

ئەوەی جێگای سەرنج بوو، لە خۆپیشاندانی لەندەندا، کە ژمارەیەکی زۆر گەورەو بەرچاو بەشدارییان کرد، مۆرکێکی مرۆڤدۆستانەو چەپی پێوەبوو... رێکخراوە کرێکاریەکان و سۆشیالیست و چەپەکان بەشداری بەرچاویان هەبوو. بگرە ژمارەیەکی بەرچاو خەڵکی جولەکە بەشداری خۆپیشاندانەکە بوون! ئەو دروشمانەی دەوترانەوە بریتی بوو لە: وەستانی کوشتاری خەڵکی غەززە، نا بۆ داگیرکاری فەلەستین، حکومەتی ئیسرائیل حکومەتێکی تیرۆریستە، ئازادی بۆ



فەلەستین، شەرم بۆ بایدن، شەرم بۆ ماکرۆن و ریشی سوناک کە لایەنگری ناتانیاهۆو حکومەتی ئیسرائیل دەکەن.

ئەم هێزە ئینسانیە بۆیە گرنگە چونکە لەسەروو هەموو ئایدۆلۆژیەکی قەومی و دینیەوەیە. ئەم هێزە نەک تەنیا لە ئەمریکاو بەریتانیاو ئیسپانیاو بەرۆشنی پەیامی خۆیان دا، بەڵکو لە ناو ئیسرائیلدا بەهەزاران کەسی ئینساندۆست و ئازادیخوازو چەپی خەڵکی ئیسرائیلی، چۆن لەسەراسەری دنیادا نایان بۆ کوشتاری ئینسان وت، لەوێش یەخەی ناتانیاهۆو حکومەتەکەیان گرت و رژانە سەرشەقامەکان و نایان بۆ کوشتارو کاولکاری ئیسرائیل لە غەززە وت و داوای دەستبەجێ وەستانی کوشتارو کاولکاریان کرد لە غەززە.

هەربۆیە زەرورە کە ئەم ریزە ملیۆنیە ئازادیخواز و مرۆڤدۆستیەی هەر وڵاتە بەهێز بکەین، لەدەوری خواست و داواکاریە ئینسانیەکانیان کۆببینەوە بۆئەوەی وەک هێزێکی فشاری گەورە بۆ وەستانی هێرشەکانی حکومەتی ئیسرائیل بۆسەر غەززە راوەستین، هەر ئەم هێزو بەرەی سێهەمەش دەتوانێت دوای فشاریان لەوەستانی کوشتارو کاولکاری غەززەو بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، بتوانێت بارێکی تر بێتەوە مەیدانە بۆ چارەسەری یەکجاری کێشەی فەلەستین، ئەویش بە دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستین لەپاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا، ئەمە تەنیا پەیام و رێگاچارەی دروست و ئینسانیە بۆ کۆتاییهێنان بە کۆمەڵکوژی و کاولکاری لە ئیسرائیل و فەلەستین.

★

**تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیل هۆکاری سەرهەڵدان و مانەوەی تیرۆریزمی حەماس و جیهادی ئیسلامیە!**

# بە تەواوی تواناوە پشتیوانی مامۆستایانی ناڕازی ئەکەین!

دوای ئەوەی دەسەڵاتداران و لەڕێی وەزارەتی پەروەردەوە ویستیان بە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە مامۆستایان ناچار بکەن بەبێ موچە بچنەوە قوتابخانە و هۆڵەکانی خوێندن، مامۆستایانی ناڕازی بە ڕیزی سەدان هەزار کەسییەوە لە بەشێکی بەرچاو لە شارەکانی کوردستان لە جیاتی کردنەوەی دەرگای خوێندنگاکان شەقامەکانیان بە دەستەوە گرت. دەنگی ڕاسای مامۆستایانێک، کە نەک هەر لە تاو ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان بگرە بۆ بەرژەوەندی تەواوی کۆمەڵگە هاتوونەتە دەنگ، لە ئاستێکی فراوان و سەراسەریدا خۆی نواند. کار و تێکۆشانێک کە دەسەڵات و دامودەزگاکانی سەراسیمە کرد. لەلایەک دەسەڵاتداران چاوەڕوانییان ئەوە بوو کە مامۆستایان خامۆش بکەنەوە بە لێدانی قەوانی سواوی ''ناسکی و ناڵەباری دۆخەکە'' و ''بەرژەوەندیی نەتەوەیی'' لە دۆخی پوکانەوەی خودی دەسەڵاتەکەیاندا، لەلایەکی تریشەوە بە پێداگری لە نەریت و کردەوەی چاوسوورکردنەوە ویستیان پاشەکشە بە مامۆستایان بکەن.

بەڵام ئەمجارە ڕاوەستاوی زیاتری مامۆستایان و پشتگیری جەماوەری ستەمدیدە لێیان و هاتنەمەیدانی هەزاران کەس لە خەڵکی ناڕازی لەگەڵیاندا، ئیتر جگە لە واقوڕمان هیچی تری بۆ دەسەڵات نەهێشتەوە و لە بانگەشەیاندا کە گوایە ئەوان دڵسۆزی خوێندن و پەروەردەن تەنها ڕسواییان بۆ ماوەیەوە.

ڕاوەستاوی و یەکگرتوویی مامۆستایان بۆ ئێمە نەک هەر جێگەی پشتیوانی و پشتگیری بێدریغە، بەڵکو چرای ئومێدە بۆ هاتنەمەیدان و خەباتێکی جەماوەری سەراسەری کە ئەتوانێ نەک هەر دەسەڵاتدارانی ئێستا و ئەو سیستەمەی کە لەسەر چەوسانەوە و جیاکاری و بەتاڵان بردنی ڕەنجی کرێکاران و زەحمەتکێشان دامەزراوە، کۆتایی پێبهێنێ بگرە دەرگا بەڕووی داهاتوویەکی گەشدا بکاتەوە کە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان زامن بکات.

هاوکات لەگەڵ پشتیوانیمان بۆ خواستەکانی مامۆستایانی ناڕازی، سەرنجی ئەوان و تەواوی فەرمانبەران و کارمەندان و توێژە ناڕازییەکان بۆ ئەوە ڕائەکێشین کە ئەزمونی چەند ساڵی پێشوو و شێوازی نارەزایەتی ئەم چەند ساڵەی دوایی بەو ڕاستییەی گەیاندووین تەنها ڕێکخراوبوون و یەکگرتوویی و متمانەی بەکۆمەڵی جەماوەری بێبەش و ناڕازی ئەتوانێ ڕووبەڕووی ئەم دۆخە ناڵەبارە بێتەوە. باڵە جیاوازەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنە ساختەکان بە غەیری بەردەوامی بەم دۆخە و بازرگانی و بەهێزبوونی کۆمپانیاکانیان لەسەر حسابی خەڵکی کرێکار و بێبەش ئاڵوگۆڕێکی تری جدییان ناوێت. ئەوە کرێکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران و تەواوی توێژە کۆمەڵایەتیە ناڕازیەکانن کە ئەتوانن کۆمەڵگە بە جوانترین شێوە بەڕێوەبەرن، کە تیایدا هیچ کەس بێکار و بێموچە و هەژار و برسی نەبێت. ئەم کارەش بەوە ئەکرێت کە بزووتنەوەی جەماری کرێکاریی ناڕازی بە ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەوە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات بێتە مەیدان و هەنگاو بە هەنگاو داخوازیەکانی فەرز بکات.

ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەم خەباتەدا لەگەڵ مامۆستایان و کارمەندان و جەماوەری بێبەشدا لە ڕیزی پێشەوە ڕائەوەستین و بە تەواوی تواناوە بۆ سەرکەوتنی تێئەکۆشین.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٢٥ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو حزبی چینی کرێکار، خەبات دەکات بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە پێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی. شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ڕیزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هەنگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسێسێکی جیاواز و لە هەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەڕواتە پێشەوە.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە" پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**